# ئیسلامی سیاسی (ئیسلامیزم)

**توێژەر: مەریوان وریا قانیع**

**نوسەرەوە: هادی مستەفا**

بڵاوکەرەوە: وێستگەکڵاس

ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢

ساڵی نوسینەوە: ٢٠٢٤

Gmail.haadi33m@gmail.com

HaadiM

# پێڕست:


| ژ.لاپەڕە | بابەتەکان |
|---|---|
| ١-٨ | بەشی یەکەم : پێشەکیەک دەربارەی ئیسلام و سیاسەت و ئیسلامیزم |
| ٨-١٤ | بەشی دووەم : خەلافەت و فیکری سوننەو شیعە |
| ١٤-١٩ | بەشی سێیەم : ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و مۆگۆلەکان |
| ١٩-٢٦ | بەشی چوارەم : ئەبوعەلای مەودودی - حەسەن بەننا |
| ٢٦-٣٣ | بەشی پێنجەم: سەید قوتب |
| ٣٣-٣٨ | بەشی شەشەم؛ فکری سیاسی لەناو شیعەدا |
| ٣٨-٤٠ | بەشی حەوتەم؛ خومەینی |
| ٤٠ | سەرچاوە |
| | |

## وانەی یەکەم: پێشەکیەک دەربارەی ئیسلام و سیاسەت و ئیسلامیزم:

ئەوەی لێرەدا باس دەکەم تێکەڵاوییەکی دوو کۆرسی خۆمە بەناوی ئایدۆلۆژیا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە جیهانی ئیسلامدا، ئەوتریشیان بریتییە لە گۆڕانکارییەکانی خۆرهەلاتی ناوەراست لە سەدەی بیستەمدا، ئەو ئایدۆلۆژیانەی کە لەم سەدەیەدا لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا دروست دەبن، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە لە زانکۆدا پێش ئەوەی بابەتێک باسبکرێت تەلەبەکان هەشتا لاپەرەیەک دەخوێننەوە دەربارەی بابەتەکە، لە زانکۆ گفتوگۆدەکرێت دەربارەی ئەو شتانەی کە قوتابییەکان خوێندویانەتەوە، بەڵام ئەم شوێنە جیاوازە لە زانکۆ.

باسکردن لە ئیسلامی سیاسی لە خۆرهەلاتی ناوەراستدا کێشەیە، چونکە کایەی دین لەناو خۆیدا پارچەپارچەیە، پڕیەتی لە دیدو تێڕوانینی ناکۆک و جیاواز، دینی تێدایە بەسیاسی کراوە، دین هەیە باوەڕی بە هەڵبژاردن هەیە، دین هەیە باوەری بە بە جیهادو تەکفیرکردنی کۆمەڵگاو توندوتیژییەوە هەیە، فۆڕمی دینی تر هەیە دینی خەڵکە، ئەم فۆڕمە لە دینە بەشێکە لە مێژووی ئەو کۆمەڵگایانە بریتیە لە شوناسێکی گشتگیر، کە خەڵک بە شوناسی خۆی دەزانێت، من ناوم ناوە " دینی دایکم" وەکو هاریکاری کۆمەڵایەتی و بە دەمەچوونی لاواز، خەم خواردن لە کەسە لاوازەکان، لەهەمان کاتیشدا دین بووەتە بەشێک لە ململانێی ئیقلیمی، بۆنمونە سعودییەو وڵاتانی خەلیج فۆڕمێک لە دین گەشە پێدەدەن کە بووەە بەشێک لە پەیوەندی نێودەوڵەتی، فۆرمێکی سەلەفییە یان وەهابییە، فۆرمێکی سەلەفی جیاوازە تەواو جیاوازە لە فۆڕمەکانی تری ئیسلامی، بۆنمونە فۆڕمی شیعی کە باوەڕی بە ویلایەتی فەقیە هەیە، کێشەی ئەم فۆڕمی دینانەش ئەوەیە هەموویان یەکتر نەفی دەکەن، بۆنمونە سەلەفییەک لە سلێمانی باوەڕی وایە سەلام کردن لە یەکگرتووی ئیسلامی حەرامە، جا واز لەوە بێنە ئەم فۆرمە لەدین تێڕوانینی چۆنە لەبارەی ئەو کەسانەی کە باوەریان بە دین نییە، یان بۆ ئەو هێزانەی کە عەلمانین یان مارکسین. هەندێ جار ئەم ململانێیە لە ململانێی سیاسیش گەورەترن و دەبنە ملاملانێی شارستانی، بۆنمونە ئیسلام وەکو ئەلتەرناتیڤی شارستانییەتی خۆرئاوا یان دینەکانی تر، ئەم فۆڕمی دینانە هەندێ خەڵک دابەش دەکەن بۆسەر خراپ و باش، هەندێ جاریش بڕیاردەدەن کێ بژی یاخود کێ بمرێت.

ئەوەی من باسی دەکەم قسەکردنێکی نادینانەیە دەربارەی دین، ئێمە لێرەدا باسی جەوهەری دین ناکەین، ئایا خودی دینی ئیسلام چییە، ئێمە باسی بەرجەستەبوونی ئیسلام دەکەین لە سیاقێکی مێژوویدا، ئەمەش، ئێمە وەکو پیاوانی دین باسی دین ناکەین، ئەوەی ئێمە باسی دەکەین بریتیە

له  کۆمەڵناسی دین و مێژووی فکرو مێژووی چەمکەکان  یاخود لەڕووی مێژووی سیاسییەوە باسی دەکەین. ئێمە وەکو کۆمەلناسێک کە دیاردەکان دەخاتە نێو مێژووەوە باسی دەکەین.

من نازانم ئایا لە زانکۆیەکانی کوردستان هیچ کۆرسێک هەیە دەربارەی ئیسلامی سیاسی، بەڵام لە زانکۆی ئەمستردام کۆرسی تایبەت هەیە دەربارەی ئیسلامی سیاسی، هەروەها بەش هەیە دەربارەی سۆسیۆلۆجیای دین و ئەنترۆپۆلۆژییای دین، فەلسەفەی دین.

یەکێک لە کێشەکانی دین لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەوەیە تەنیا کەسە دینییەکان باسی دین دەکەن، تەنها لە دیدێکی تیۆلۆژی و دیناسییەوە باسی دەکەن، لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسییەوە باس ناکرێت.

ئێمە قسەی نادینی لەسەر دین دەکەین، لەبەرئەوە ئەمە بەرەو تێزێکی مەنهەجیمان دەبات کە لەناو سۆسیۆلۆجیای دی دین و ئەنترۆپۆلجیای دیندا هەیە، ئەم تێزەش بە ئینگلیزییەکەی پێی دەوترێت Atheist Mythology واتا ناخودایی مەنهەجی، واتا وەکو کەسێکی دیندار باسی دین ناکات، تۆ باس لە دین دەکەیت بەبێ ئەوەی باوەرت بە خودا هەبێت، دین وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینیت، لە ڕووی مەنهەجییەوە خودا دووەدەخەیتەوە، بۆنمونە ئەگەر ئێمە پرسیاربەکەین بۆچی تا ئیستا دینی ئیسلام دینی دووەمەو دینی یەکەم نییە، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە ڕووی دینییەوە ئەوەیە: حیکمەتێکی دینی لە پشتە، یان بۆچی دینی مەسیحی  یەکەمە، ئەگەرچی چەندەها دین هەبوونە لە پێش مەسیحەوە، وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە لە ڕووی مەنهەجییەوە  ئەوە نییە کە خودا ویستویەتی، لەرووی مەنهەجییەوە واتا ئێمە خودا وەکو بکەرێکی مێژوویی دەردەکەین، ئێمە باسی بەرجەستەبوونی دین دەکەین لە سیاقە مێژووییەکەیدا، ئەمەش واتای ئەوەیە فۆرمی تری مەعریفە هەیە کە باسی دین دەکات، یان بکەرانێکی تر هەن باسی دین دەکەن، مەلا نین و تا لە لۆژیکی خۆیانەوە باسی دین بکەن.

خاڵێکی تر ئەوەیە دەبێت سێ چەمک لێک جیا بکەینەوە بۆئەوەی لە ئیسلامی سیاسی تێبگەین:

١. ئیسلام
٢. ئیسلامی سیاسی- ئیسلامیزم
٣. ئیسلام و سیاسەت

**١. ئیسلام:** بریتیە لە دین کە باوەڕی بە  خودایەک و قورئان و پێغەمبەرێک هەیە، لە دنیا نزیکەی ملیارێک و هەشتسەد ملیۆن موسڵمان هەیە کە دەکاتە ٢٥٪ ی دانیشتوانی جیهان، چارەکێکی سەر زەوی موسڵمانن، نزیکەی حەفت سەد ملیۆن موسڵمان لە چوار وڵاتدان: ئەندەنوسیا. هیند. پاکستان و بەنگلادیش، ئەم وڵاتانە نزیکەی نیوەی موسڵمانەکانی جیهانیان تێدایە، ئەمانە نە زمانیان عەرەبییە، سیاقە مێژووییەکەیان جیاوازە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، نزیکەی ٢٧ ملیۆن موسڵمانیش لە ئەمریکاو ئەوروپادا دەژیت کە دەکاتە ٤٪ ئەو ناوچەیە، ئێمە لێرەدا باسی جەوهەری ئیسلام ناکەین، لە هەرشوێنێکدا سیاقێکی مێژویی جیاوازی هەیە، ئیسلام لە هیندستاندا بەجۆرێکە موسسلمانان کەمینەن بەڵام لە وڵاتە عەرەبییەکاندا زۆرینەن. هەروەها لە ٨٥٪ موسڵمانان سوننین و لە ١٥٪ موسڵمانانیش شیعەن. ناتوانی جەوهەری ئیسلام دیاری بکەیت بەڵکو بریتیبە لە دیاردەیەکی فرە ڕەنگ و فرە جۆر، لە شوێنی جیاوازی دنیادا فۆرم و وەزیفەی جیاوازی هەیە، لە فۆرمی پەیوەندی جیاوازدایە، تەنها ئەوە دەتوانین بڵێن دینی ئیسلام ئاینێکی یەکتاپەرستە، پێغەمبەرێک هەیە کە پەیامێکی پێیە لە تێکستێکدا نوسراوەتەوە، بەڵام خودی تێکستەکە خۆی ، خودی پێغەمبەرایەتی خۆی بە درێژایی مێژووی ئیسلام بە شێوازی ناکۆک و دژیەک تەفسیرکراون، ئیسلام کاتیگۆرییەکی تەحلیلی نییە (Unanalytical categories)، ئەگەر زیاتر روونی بکەینەوە، بۆنمونە لە مارکسیزمدا چەمکی ژێرخانی کۆمەڵگا هەیە، ئەو چەمکە پێکهاتووە لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی بەرهەم هێنان، لە بەینی ئەمانەدا ناکۆکی دروست دەبێت کە ناکۆکیش دروستبوو یان دەبێت بە شۆڕەش یان دەبێت بە یاخیبوون، ئەمەش دەبێت هۆی ئەوەی سەرخانی کۆمەڵگا بگۆڕدرێت، ئەمە چەمکێکی فیکرییە و دەتوانی ئیشی پێبکەیت و بەکاری بێنیت بۆ تەحلیلکردن، بەڵام کە وتت ئیسلام ناتوانی وەکو تەحلیل بەکاری بێنیت، لە ئیسلامدا چەندەها فۆڕمی جیاواز هەیە.

*من لە هۆڵەندا لە تەلەفزیۆن وتومە من موسڵمانێکی بێ دینم، وتیان چۆن دەبێت؟ وتم چۆن نابێت، بۆچی بۆ مەسیحییەکان دەبێت، من بە کەلتور موسڵمانم، لە خێزانێکی موسڵمانم بوومەو دایک و باوکم موسلمانن.

**٢. ئیسلامیزم:** ئیسلامیزم دین  نییە، ئایدۆلۆژییایەکی سیاسییە، وە ک چۆن سۆسیالیزم و لیبرالیزم و ناسیۆلیزم ئایدۆلۆژیایەکی سیاسین بە هەمان شێوەش ئیسلامیزم ئایدلۆژیایەکی سیاسییە، بەڵام ئیسلامیزم  هەندێ تێگەیشتنی ئیسلام دەخاتە نێو ئەم ئایدۆلۆژییایەوە کە بەرهەمی هێناوە، خاڵی سەرەکی ئیسلامیزمیش بریتییە لە دروست کردن دەوڵەتێکی ئیسلامی، بۆنمونە خاڵی سەرەکی لە لیبرالیزمدا بریتییە لە دەستبەرکردنی ئازادی تاکەکەسی، گەشەدان بە

بازاڕی ئازاد، سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، هەبوونی کۆمەڵگایەکی سەربەخۆ و مەدەنی.

لە سۆشالیزمدا، خاڵی سەرەکی بریتیە لە دەستەبەرکردنی یەکسانی و نەهێشتنی چینایەتی، خاڵی سەرەکی لە فاشیزمدا بریتییە لە پەرستنی دەسەڵات و بەرزنرخاندنی هێزی دەوڵەت و هێزی سەرکردە. جەوهەری سەرەکی ئیسلامیزم بریتییە لە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام بە فۆرمی جیاوازم بۆنمونە لای حەسەن بەننا دەوڵەتی ئیسلامی بریتیە لە پرۆسەیەکی درێژخایەن کە هەنگاو بە هەنگاو دەروات، لە تاکە کەسێکەوە دەست پێدەکات تا دەوڵەت، بەڵام لای سەید قوتب سەرەتا دەبێت نوخبەیەکی شۆڕەشگێر دروست بکەیت، دواتر پەلاماری دەوڵەت بدەیت، دواتر دەسەڵاتی دەوڵەت بەکاربێنیت بۆ بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگا.

کە دەڵێین جەوهەری ئیسلامیزم بریتیە لە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی مانای ئەوە نییە هەموو حیزبە ئیسلامییەکان بە یەک خەتدا دەڕۆن، ڕاستە ئامانجی سەرەکیان بریتییە لە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی بەڵام شێوازی گەیشتنیان کە بەکاری دێنن جیاوازە، لێرەوە بزوتنەوەی ئیسلامی جیاواز جیاواز دروست دەبێت، هەیانە ئاشتی خوازە باوەری بە دیموکراسی هەیەو هەیانە باوەری بە دیموکراسی نیە.

دوژمنی سەرەکی سۆشیالیزم بریتیە لە سەرمایەداری و دەوڵەت و چینی بۆرجوازی، لە لیبرالیزمدا بریتییە لە رەئی گشتی، ئیسلامی سیاسیش ئەوەی کە بەگژیدا دەچێتەوە بریتییە لە هێزە عەلمانییەکان و فۆرمە جیاوازەکانی عەلمانی، هەر لەسەرەتای دروست بوونی ئیخوان موسلیمدا لە ساڵی ١٩٢٨ تا ئێستا قسە بە عەلمانیەت دەوترێت و وەکو نەفرەتێک پیشان دەدرێت.

ئیسلامیزم: ئایدۆلۆژییایەکی سیاسییە، هەڵبژاردنی هەندی ساتە وەختی مێژووی ئیسلام هەڵدەگرێت و دەیخاتە نێو ئایدۆلۆژییایەکەوە کە لە سەدەی بیستدا بەرهەمهاتووە، شتێک نییە بەناوی ئیسلامی سیاسی بەر لە سەدەی بیستەمدا، ئەو فۆرمەی کە هەیە لە پێش ئیسلامدا بریتییە لە ئیسلام و سیاسەت.

**٣. ئیسلام و سیاسەت:** ئیسلام وەکو دینەکانی تر وێنای خۆی هەیە دەربارەی سیاسیەت.

لە ئیسلامدا هەندێ وێنا هەیە دەربارەی سیاسەت بەڵام ئەم وێنانە یەک نین و جیاوازن لە یەکتر، ئەوەی جێگای ئاماژەدانە دەسەڵاتی دینی و دەسەڵاتی سیاسی لە مێژووی ئیسلامدا دوو دەسەڵاتی لێک جیاوازن، ئەم دوو گروپە لێک جیاوازن، بە حوکمی ئەوەی ئیسلام وەکو

مەسیحییەت نەبووە کە دەسەڵاتی سیاسی تەنها لە دەست کەنیسە بێت و کەنیسە حوکمڕانی دەوڵەت بکات، ڕەئییەکی ناسر عەبد زێد و محمد ئەرگۆن هەیە دەڵێت: مێژووی ئیسلام لە سەرەتای دروست بوونی ئومەییەکانەوە تا کەوتنی عوسمانییەکان مێژووییەکی عەلمانییە، عەلمانییەت بەو واتایەی دەسەڵاتی دینی و دەسەڵاتی سیاسی بە دەگمەن نەبێت لە دەستی یەک کەسدا نەبووە، سوڵتان پیاوێکی سیاسییە بەڵام سوڵتان لە هەندێ کاتدا ئەگەر پێویستی کردبێت بۆ ڕەوایەتی دان بە بڕیارە سیاسیەکانی پشتی بە فتوای مەلاکان بەستووەو ئەوانیش فتوایان بۆ داوە، واتا دەسەڵاتی دینی لەژێر دەسەڵاتی سیاسییەوە بووە،هەروەها زاناکان بە شێوەیەک لە شێوەکان موچەخۆری دەسەڵاتداران بوونە.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە ڕوانینی ئیسلام بۆ سیاسەت ڕوانینێکی شۆڕەشگێڕانە نیە، شۆڕەشێگرانە بەو واتایەی کە لە سەدەی بیستەمدا دروست دەبێت، لەسەدەی بیستەمدا جەوهەری سەرەکی ئایدۆلۆژیای ئیسلامیزم بریتیە لە گۆڕینی سیستەمی دەوڵەت و دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی.

ئەوەی کە تێروانینی ئیسلام ئاراستەی سیاسەت دەکات بریتیە لە فیتنە یان ترس لە فیتنە، **فیتنە چیە؟** فیتنە لە فیکری ئیسلامدا یەکسانە بەتێڕوانینی هۆبز بۆ شەڕ، کە بریتیە لە شەڕی گشت لەگەڵ گشتدا، بە گژداچوونەوەی ئەم بەشی کۆمەڵگا بەو بەشەی تری کۆمەڵگا، نەمانی دەسەڵاتێکی مەرکەزی کە بتوانێت لانی کەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەستبەربکات.

**قسەیەکی ئیبن تەیمییە هەیە، ئەڵێت**: شەست ساڵ لە ستەمگەری باشترە لە یەک شەو و ڕۆژی فیتنە، ترس لەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی نەمێنێت، بارودۆخێک بێتە ئاراوە کە خەڵک هیچ ئەمانەتێکی نەمێنێت، واتا ترس لە دۆخی سروشتی بە مانا هۆبزییەکەی، دۆخی سروشتیش بریتییە لە پێکدادانی گشتی، شەڕی هەموان لە دژی هەموان، لای هۆبزیش تەنانەت ئەگەر دەسەڵات ستەمکاریش بێت لەوە باشترە خەڵک لە دۆخی سروشتیدا بمێننەوە.

بەشی هەرە زۆری ڕوانینی زاناکانی ئیسلام بۆ سیاسەت بەم جۆرەیە کە تێیدا دەسەڵاتێک توانای کۆنترۆلکردنی ئاسایشی هەیە ئەگەر دینیش نەبێت دەسەڵاتێکی شەرعییە، کەواتە تێروانیی ئیسلام بۆ سیاسەت تێڕوانینێکی کۆنزەرڤاتیڤە(کۆنەپارێزە) دژ بە شۆڕەشە، دژ بە یاخی بوونە دژ بە حاکمە، بۆنمونە لای سەلەفییەکان حاکم وەلی ئەمرەو هەموو دژایەتی کردنێکی وەلی ئەمریش لادانە لە ئیسلام و شەریعەت، بۆیە باشترە وەلی ئەمرە سیاسییەکە قبول بکەیت و لەگەڵیدا بیت نەک دژایەتی بکەیت.

ئیسلام چەمكێكە ناتوانی وەكو مەعریفە بەكاری بێنیت بۆ شیكردنەوە چونكە زۆر شتی تێدایە كە دژ بەیەكەو ناكۆكن بە یەكتر، بۆنمونە رەسمكردنی مرۆڤ یاساغە لە سعودییە، لەكاتی ریكلامكردن دەم و چاوی ژنانیان دەسڕییەوە بەلام لە هیندستاندا بە حوكمی ئەوەی ئیسلام لە پەیوەندی دابووە لەگەڵ بودیزمدا، رەسمی ئیمامی عەلی و پێغەمبەر كێشراون.

چەمكێكی سۆشیۆلۆجی هەیە بەناوی social imaginary واتە خەیاڵگەی كۆمەلایەتی كە فەیلەسوفێكی كەنەدی باسی كردووە بەناوی چارلس ستێنەر، كتێبێكی هەیە بەو ناوە، ئەم چەمكە واتە هەموو كۆمەڵگایەك كۆمەڵێك ڕەمزو ئیشارەتی هەیە باوەری پێیەتی و بە جەوهەری خۆی دەزانێت، ڕۆڵی فەنتازیاو خەیاڵكردن لەناویدا ئێكجار گرنگە، تۆرێكە لە وێنەو رەمز كە لەناو هەموو كۆمەڵگایەدا هەیە. لە پەیوندیدار بە ئیسلامی سیاسیەوە یەكێك لەو ئامرازە سەرەكییەكانەی بە كاری دێنن بۆ گۆڕینی ئیسلام لە دینێكەوە بۆ ئایدۆلۆژیایەكی سیاسی گەڕانەوەیە بۆ ئەم چەمكە، چونكە لە خەیاڵی كۆمەلایەتی ئێمەدا بەشی زۆرمان پێمان وایە ئیسلام باشترین دینە لە دنیادا، دینێكە باوەڕی بە یەكسانی هەیە، دینێكە باوەڕی بە مافی مرۆڤەكان هەیە، ئەمە بەشێكە لە فەنتازییای زۆربەی موسڵمانەكان، ئەم فەنتازیایە مەرج نیە وێنایەكی دروستی ئەم مێژووە بێت كە لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا دروست بووە بەلام ئەمە بووەتە شێوازێكی گرنگی هێزە ئیسلامییەكان، خەیالگەی كۆمەلایەتی بووەتە ژێرخانی رەمزی ئیسلامی سیاسی، لە حەسەن بەنناوە وێنایەك دروست كراوە كە دینی ئیسلام دینێكی بێ هەڵەیە، دینێكە باوەری بە پێشكەوتنی مرۆڤایەتییەوە هەیە، باوەڕی بە یەكسانیەوە هەیە.

كایەی دین لەناوەیدا پارچە پارچەیە، پڕیەتی لە هێزی یەكتر نەفی كەر.

*ئیسلام وەكو مەسیحییەت پیاوانی ئاینی دەسەلاتی سیاسیان نەبووە، مزگەوت دەسەلاتێكی ڕێكخراوی نەبووە، هەروەها پیاوانی زۆربەیان موچەخۆری دەسەڵات بوونە، لە مەسیحیەتدا دەسەڵاتی كەنیسە هاوئاست بووە لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی، بەلام ئەمە لە ئیسلامدا بوونی نەبووە، لە ئیسلامدا پیاوانی ئاینی موچەخۆری دەسەلات بوونە هەرچەندە هەندێ زانای دینی هەبووە كە ناكۆك بووە لەگەڵ دەسەلات بەلام یان گیراون یان كوژراون.

*یەك تێگەیشتنی هاوبەش بوونی نیە كە لەهەموو جیهاندا ئیسلام یەك مانای هەبێت، جگە لە باوەربوون بە پێغەمبەرو خوایەك و قورئان نەبێت، هەتا وێنەی خودا لە سیاقێكەوە بۆ سیاقێكی ترو لە نوسەرێكەوە بۆ نوسەرێكی تر جیاوازە، خودا لای سۆفییەكان عەشقە، لای ڕابیعەی

عەدەوی بۆئەوەی بە خودا بگەیت دەبێت باوەڕت بە خۆشەویستی هەبێت، بەڵام، خودا لای ئوسامە بن لادن لەسەر وێنەی سەددام دروست کراوە، ئەمر دەکات مرۆڤ بکوژێت.

*دینی ئیسلام جەوهەری نیە، ئەگەر هەشی بێت تەنها هەندێک شتی سادەیە کە بریتیە لە باوەڕبوون بە خوداو پێغەمبەرێک و کتێبێک بەڵام ئەم سیانە لە مێژوودا بریتین لە لێکدانەوەی سەرجەم ئەو تەفسیرانەی کە بۆی کراون، جا تۆ باوەڕت بە تەفسیرێک هەیە، ئەوەی تر باوەڕی بە تەفسیرێکی ترهەیە، هەرکەسەو باوەڕی بە تەفسیرێک هەیەو تەفسیرەکەی تر ڕەت دەکاتەوە.

*هێزە ئیسلامییەکان سەرەتا خۆیان بە میانڕەو دەردەخەن بەڵام هاتنە سەر دەسەلات دەبنە ستەمکار؟ ئەم لێکدانەوەیە بۆ حیزبە عەلمانییەکانیش راستە، لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کەموکورتیەکی زۆر هەیە بۆ دیموکراسی، هەر هیزێک بێتە سەر حوکم بە ئاسانی لاناچێت بۆنمونە حیزبی یەکگرتوو لەڕووی دیموکراسییەوە باشترە لە پارتی. هەروەها بزوتنە ئیسلامییەکان هەموویان خاڵیکی جێگریان بۆ دیموکراسی واتە هەموویان دژی دیموکراسی نین، بۆنمونە حیزبی نەهزە کە حیزبێکی ئیسلامییە لە تونس دەستووریکیان بۆ دەوڵەت دروستکردووە کە لە هەموو دەستوری وڵاتانی عەرەبی باشرە، یەک دێری تێدا نیە کە باس لەوە بکات دەسەلات دەبێت دینی بێت.

## وانەی دووەم: خەلافەت و فیکری سوننەو شیعە:

عەرەبەکان پێش  هاتنی ئیسلام شتێکیان بەناوی سیستەمی پاشایەتی یان دەسەڵاتی مەرکەزی نەبووە، ئەوەی کە هەبووە کۆمەڵێک خێڵی دیاریکراوبوون، هەندێکیان جێگیربوون، هەندێکیشیان دەجولاّن و دەچوونە شوێنێکی تر، هیچ فۆرمێکی دەوڵەت بوونی نەبوو لەو ناوچەی تیایدا ئیسلام لێی سەری هەڵدا، کاتێک ئیسلام هات دینێکی هاوبەشی بەخشی بە هۆزانەی کە لە مەدینەو مەککەدا دەژیان، هەروەها سەرۆکێکی ڕۆحیشیان پێدەبەخشێت کە پێغەمبەر محمدە، لە هەمان کاتدا سەرۆکێکی دنیایش بووە، پێغەمبەر خۆی دژی ئەوە بووە پێی بوترێت پاشا یان سەرۆکی دەوڵەت، پێغەمبەر خۆی بە 'رسول' پێناسەکردووە،  بۆیە باسی مۆدێلێکی دیاریکراوی سیاسی نەکردووە، لەناو قورئان خۆشیدا باس لە هیچ سیستەمێکی سیاسی نەکراوەو باس لە هیچ سیستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەکراوە کە چۆن ڕێکبخرێت، ئەوەی کە لە قورئاندا هەیە چەمکی ئوممە هەیە، چەمکی ئوممەی ئیسلامی چەمکێکی دینییە نەک چەمکێکی سیاسی لە قورئاندا، هێما بەو موسڵمانانە دەکات کە باوەریان بە دینەکە هەیە.

لە قورئاندا  چەند پرەنسیپێک هەن وەک: پرەنسیپی **(عەدل،ئیحسان شورا)**،ئەمانە ئەگەرچی کۆمەڵێک پرەنسیپن بەڵام نەچوونەتە نێو تیۆریایەکی سیاسییەوە، بۆنمونە ئەفلاتون و ئەرستۆ بە دووروودرێژی باسی چۆنیەتی دروستکردنی دەوڵەت دەزگاکان و شێواز حوکمڕانی کردووە، لە پێش هاتنی ئیسلامدا چەندەها تیۆریا هەن کە باس لە دروست کردنی دەوڵەت دەکەن، لە قورئاندا باس لە گوێڕایەلیکردنی خواو پێغەمبەرو وەلی ئەمر کراوە، دواتر ئەم چەمکانە لە گەشەی خۆیاندا دەبنە چەمکی سیاسی.

ئەوە چەمکانەی لە قورئاندا هاتوون کۆمەڵێک چەمکی ئەخلاقین نەک سیاسی، وەکو چەمکەکانی عەدل و ئیحسان و شورا، بەیعە، داوا لە حوکمڕان دەکات لە باشترین حاڵەتدا ڕەچاوی ئەم پرەنسیپانە بکات نەک ئەوەی ئەمانە بریتیبن لە سیستەمێکی سیاسی بیرلێکراوە.

پێغەمبەر خۆی بە سیاسی نەناساندووە، ئەم چەمکانەی کە لە قورئاندا باس کراون چەمکی سیاسی نین بەڵام ئەکرێت دەرەنجامی سیاسیان هەبێت.

لەدوای مردنی پێغەمبەریش، کێشەی جێگرەوەکەی دروست دەبێت، کە ئەمەش کێشەیەکی سیاسییە، هەڵبژاردنی ئەبوبەکریش پەیوەندی بەوەوە نەبووە کە لە هەموان دیندارتربووە، پەیوەندی بەوە هەبووە، پیاوێکی نزیک بووە لە پێغەمەرەوە، خوشکەکەی ژنی پێغەمبەربووە،

یەکێک بووە لە پیاوە بەهێزەکانی ناو قورەیش، وە مەنتقی لۆژیکی هێز وایکردووە کە ببێتە کاندیدێک بۆ جێگرەوەی پێغەمبەر، ئەبوبەکر تاقە خەلیفەیەکە کە بە هەڵبژاردن هەڵبژێردراوە، ئەبوبەکر خۆی عومەر دیاری دەکات، عوسمانیش بە ئیجماع دەبێتە خەلیفە نەک ئەوەی دەنگی هەموویانی لەگەڵدا بێت، کاتێک ئیمامی عەلیش  دەبێتە خەلیفە دەبێتە کێشەیەکی گەوە لە نێوان موسلمانان.

لەدوای مردنی پێغەمبەر موهاجیرەکان و ئەنسارییەکان دەڵێن دەبێت یەکێک لە ئێمە ببێتە جێگرەوەی پێغەمبەر، بەڵام دوای گفتوگۆیەکی زۆر ئەبوبەکر دەبێتە خەلیفە.

ئەوەی کە ئەمانەی کردووەتە خەلیفە لەبەرئەوە نەبووە کە لە هەموویان دینداتر بووە ئەوەی کە بڕیاری داوە لۆژیکی هێزە، لۆژیکی پێگەی ئەو کەسانە بووە لەناو هەڕەمی کۆمەڵایەتیدا نەک پێگەیان  لە هەرێمێکی دینی دیاریکراودا.

ئەو ناکۆکیانەی کە دروست دەبن لە دوای مردنی پێغەمبەر لەسەر  دین وتەفسیرکردنی قورئان و تەئویلی دینی نەبووە بەڵکو بە پلەی یەکەم لەسەر مەسەلەی دەسەڵات، دواتر خزمایەتی، دواتر خێڵگەری بووە، ئەبوایە ئەمانە هەموویان قورەیشی بن یان لە پیاوە گەورەکانی ناو قورەیش بن، ئەو لۆژیکەی کە ئیش دەکات لەناویدا لۆژیکی قەبیلەیە، کتێبێکی محمد عابد جابری هەیە بەناوی نەقدی عەقلی عەرەبی، تێیدا باسی ئەوە دەکات ئەوەی ئاڕاستەی ئیسلامی کردووە لە ئاستی سیاسیدا **سێ لۆژیکە: لۆژیکی قەبیلە، غەنیمە، عەقیدە، ئەم سێ لۆژیکە بەردەوام لە پەیوەندی دابوونە، لە ساتێکدا یەکێکیان باڵا بووە بەسەر ئەوەی تریاندا.**

خەلافەت کێشەی زۆری تێدابووە لە چواریان سیانیان کوژراون، ناکۆکی گەورەیان تێدابووە، بەڵام بەپێی خەیاڵگەی ئیسلامی، حیزبە ئیسلامییەکان لە سەدەی بیستەمدا ئەم قۆناغەی خەلافەتی کردووە بە قۆناغێکی زێڕین، قۆناغێکی بێ کێشە بووەو هەموان یەکتریان خۆشویستووە کە ئەمەش بەشێکە لە دروستکردنی ئایدۆلۆژیای ئیسلام سیاسی لە سەدەی بیستەمدا.

**کێشەکانی خەلافەت چین؟** بۆ نەبوون بە سیستەمی سیاسی؟ بۆنمونە ئەفلاتون باس لە سیستەمە سیاسییەکانی ناو دەڵەتە شارەکانی یۆنان دەکات، جیاوازییەکانیان چیە، دەستوور چییە.

بەشێکی زۆری ئەوەی باسی دەکەین بریتیە لە ڕەئییەکانی محمد جابری کە دیراسەیەک وردی خەلافەتی کردووە.

یەکەم کێشە ئەوەیە، حوکمڕانی تەنها لە هەڵبژاردنی خەلافەت کورت کراوەتەوە، هەموو کێشەکە لەوە کورت بۆتەوە کێ بکرێتە خەلیفە، یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی فکری سیاسی و فەلسەفی ئیسلامی بریتیە لە لاوازی بیرکردنەوە لە سیاسەت و مۆدێلەکانی حوکمڕانی، فکری سیاسی ئیسلامی غیابە لە ئامادەبوونی تیۆریایەک لەوەی دەولەت چ جۆرە سیستەمێکی سیاسی هەبێت.

هەندێ لە خەلیفەکان تەحین دەکرێن بۆنمونە عومەر لەلایەن ئەبوبەکرەوە تەحین دەکرێت یان دادەمەزرێت بەڵام ئەوانی تر بە ئیجماع دیاری دەکرێن، هەموو دەسەڵات تەنها لە هەڵبژاردنی خەلیفە کورت کراوەتەوە.

سەبارە بە بەیعەت، بەیعەت ئەوە نەبووە کە هەموو موسڵمانێک مافی دەنگدانی هەبێت، تەنها ئەوەی ئیسلام ناوی ئەهلی عەقدی لێناوە، واتا تەنها نوخبەیەک کۆبوونەتەوەو بریارپیانداوە نەک بەواتای هەڵبژاردنی دیموکراسی، لەپاڵیدا هیچ میکانیزمێکی چاودێری بەرپرسیارییەتی وکۆنترۆڵکردن دانەندراوە بۆ خەلیفە، یان خەلیفە کوژراوە یان مردووە، رێک وەک ئەو دۆخەی کە لەم ناوچەیەدا هەیە سەرکردەکان یان خۆیان دەمرن یان دەبێت بکوژرێن، هیچ مودەتێک دیاری نەکراوە بۆ خەلیفە بۆ  مانەوەی لە دەسەڵاتدا، ماوەی حوکمڕانییەکەی دەستنشان نەکراوەو تەنها لەبەردەم خوادا بەرپرسیارە.

ئەوە جابری دەڵێت: تەقریبەن جۆرێک لە هەڵبژاردن هەبووە بەڵام هەڵبژاردنەکە بە گوێرەی ئەمری واقیع بووە، بۆنمونە لە کوردستاندا سیستەمەکەیان بەجۆرێک رێکخستووە کە تەنها پارتی یەکەم دەبێت، واتە هەڵبژاردنەکان قبولکردنی ئەمری واقیع بووە.

گوێڕایەلیکردنی خەلیفەکان یەکێکی تر بووە لە پڕەنسیپەکانی تر کە دەبوایە خەڵک گوێڕایەڵی خەلیفە بکەن.

دەبێت یەک خەلیفە هەبێت و تایبەتمەندییەکانی خەلیفە دیاری نەکراون.

بە کورتییەکەی ئێمە لەبەردەم سیستەمێکی سیاسی داین نەبووە بە سیستەمی سیاسی و ناکرێت بە چەمکی دەوڵەت قسەی لەسەر بکەین لەو قۆناغەی خەلیفەکان، ئەم قۆناغەی کە لای بزوتنە ئیسلامییەکانی ئێستا بریتیە لە سەردەمی زێڕین و ئاڵتونی.

لە دوای نەمانی خەلافەت، سەردەمی بنەماڵەکان دێن، ئەوانەی حوکمڕامن کۆمەڵێک خێڵ و  هێزی کۆمەڵایەتین، فۆڕمی حوکمڕانییەکەشیان ئەوەیە باوکێک حوکمڕان دەبێت تا دەکوژرێت یان تا دەمرێت، دەسەڵات لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە.

له دوای کۆتایی هاتنی خەلافەت ئیسلام دابەش دەبێت بۆ سوننەکان و شیعە، لەناو ئەم دوو کۆمەڵەیەدا تێزی جیاواز پەرەی پێدراوە لەسەر ئەوەی حوکمڕانی چۆن بکرێت.

**حوکمڕانی لای شیعەکان:** لای شیعەکان حوکمڕانی بریتیە لە ئیمامەت، ئیمامیش لەلایەن شیعە هەڵنابژێردرێت، ئیمام تەحین دەکرێت لەلایەن ئەهلی بەیتەوە، دەبێت کەسێک بێت کە لە خەتی حوسەینی ئیمامی عەلییەوە هاتبێت.

بەهێزترین تیۆرەی فکرەی شیعە، فکرەی دوازدە ئیمامەکەیە، ئەوان فکرەکەیان ئەوەیە ئیمام هیچ کات هەڵە ناکات و مەحسومە لە تاوان، وە ئیمام پێغەمبەرێکە بەڵام بەبێ وەحیە، شیعەکان پێیان وایە هەر دوازدە ئیمامەکە لەلایەن خودی پێغەمبەرەوە بە ڕاپرسی خودا دیاری کراون، دوازدە ئیمامەکە دەسەڵاتیان وەکو پێغەمبەر بووە، ئیمامەکان هەڵە ناکەن، بە ئەخلاقن، جۆرێک لە ئەفلاتونیەتی تێدایە کە تەنها دەبێت فەیلەسوفان حوکمڕان بن، ئەمە تا ئیمامی دوازدە بەم شێوەیە بووە، ئیمامی دوازدە دەچێتە غەیبەوە، لە غەیبەی بچوکدا ئیمام چوار وەکیلی دەبێت و کاروباری شیعەکان دەبەن بەڕێوە بۆماوەی هەفتا ساڵ، کە وەکیلی چوارەم دەمرێت ئیمام وەکیلی تر دانانێت و دەچێتە غەیبەی گەورەوە یان درێژەوە، ئەم ئیمامە بەر لە قیامەت دەگەڕێتەوە لەگەڵ مەسیحدا، ئەم دوانە دەگەڕێنەوەو دنیا دەکەنە دنیایەکی بێ کێشە هەموو کێشەکانی دنیا چارەسەر دەکەن.

ئەوەی کە گرنگە هەموو فۆرمەکانی حوکمڕانی ئیسلامی لە دوای نەمانی ئیمامی دوازدە ناشەرعییە، چونکە لەدوای نەمانی ئیمامی دوازدە کۆتایی دێت بە ئەهلی بەیت و زنجیرەی ئیمامیەت، لە فکری سیاسی شیعە تا هاتنی ئیمامی خومەینی سیاسەت کارێکی بۆگەنە، مرۆڤ توشی گەندەڵی دەکات، لەدوای نەمانی دوازدە ئیمامەکە فیکری شیعە تەواو ناسیاسیە، هۆکارەکەش ئەوەیە شیعەکان ململانێییەکە دەدۆڕێنن بە بە سوننەکان لە ناوچەکەداو ئەبنە کەمینەیەک لەناوچەکە، دەبنە کەمینەیەکی بێ دەنگ، هەرچەندە لێرەوە لەوێ ئیمامێک دروست بووە کە داوای فیکری سیاسەتی کردووە بەڵام ئێمە باسی هێڵە گشتییەکە دەکەین.

**فیکری سوننە:** فیکری سوننە باوەری بەوە نیە حوکمڕان دەبێت بگەڕێتەوە بۆ سەر پێغەمبەر، فیکرەی سەرەکی سیاسەت کردن لای سوننە بریتییە لە شوراو بەیعەت، بەڵام شوراو بەیعەت بۆ هەموان نەبووە، نابێت ئەو هەڵەیە بکەین کە شورا یەکسان بکەین بە دیموکراسی، لە

دیموکراسیەتدا هەموومان هاولاتین  هەموومان مافی هەڵبژاردنمان هەیە، بەڵام لە شوراو بەیعەتدا تەنها ئەوانەی کە پێیان دەوترێت (أهل الحل والعقد)، واتە نوخبە سیاسییەکە یان ئاینییەکە یان پیاوە دەسەڵاتدارەکانی ناو خێڵ و قەبیلەکان کۆدەبنەوەو ئەوان بڕیار دەدەن کێ ببێە دەسەڵاتدار.

بەڵام ئەمە لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ نەکراوە، هەر هەر لەسەردەمی خەلافەتەکانەوە بگرە تا ئێستاش، ئەوەی کە پەیڕەو کراوە بریتیە لە هێزو زۆرداری و سەرکەوتن(غلبة)، واتە فۆرمی خۆسەپاندن بووە.

ئیمامی ئەحمدی کوڕی حەنبەل کۆتایی بە شوراو بەیعەت دێنێت لە سەدەی هەشتەمی زایینیدا، ئەوەی کە ئیمامی ئەحمد دەیڵێت بریتیە لە قبولکردنی ئەمری واقیع، ئەوەی کە سەرکەوت و بردییەوە لە ململانێیە سیاسییەکە ئەوە دەبێتە حوکمڕان، دواتر دەبێتە واجب لەسەر موسڵمان گوێڕایەڵی ئەم حوکمڕانە بکەن ململانێیەکەی بردۆتەوە، جا ئەکرێت ئەم ئەمیرە دینییە باش بێت، ئەشکرێت  شەڕواڵ پیسبێت(فاجر). بەڵام مەرجی  سەرەکی ئەوەیە دەبێت نەهێڵێت فیتنە ڕووبدات، ڕێگرین لە فیتنە خاڵی سەرەکییە لای ئەو.

دوای ئەحمدی عەنبەل، ماوەردی دێت، ئەویش هەمان دیدی ئیمامی ئەحمدی هەیە.

**ماوەردی پێی وایە سێ ڕێگا هەیە بۆئەوەی کەسێک ببێتە حوکمڕان:  (استرار, استلاء, تحین)**

**استرار:** دۆخێک دروست دەبێت لەناچاریدا یەکێک دەکەیت بە حوکمڕان،

**استلاء:**  بەهۆی هێزی خۆیەوە دەبێتە حوکمڕان، **سێیەمیان تەحین یان دامەزران،** کە ئەوەیان باشەکەیانە، بۆنمونە حوکمڕانێک پێش ئەوەی بمرێت کەسێکی تر دەستنیشان دەکات و دەیکاتە حوکمڕان و دەیکاتە جێگرەوەی خۆی، لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا ماوەردی پێی وایە گوێڕایەلیکردنی  دەسەڵاتدار واجبە بەگژداچوونەوەشی حەڕامە.

قسەیەکی  ئیمامی ئەحمد هەیە دەڵێت: ئیمامێکی لاواز بەڵام چاکەکار، لاوازییەکەی بۆ ئیسلامە بەڵام چاکەکەی بۆخۆیەتی، بەڵام ئیمامێکی بەهێزی خراپەکار، خراپەکارییەکەی بۆ خۆیەتی و بەڵام بەهێزییەکەی بۆ ئیسلامە، ئەوەی خاڵی سەرەکییە لای ئیمامی ئەحمد بریتیە لە هێز، بەکورتییەکەی بەگژداچوونەوەی حوکمڕان یاساغە.

لە فیکری سیاسی ئیسلامدا هیچ تیۆرییایەکی گشتگیر نیە باسی هەڵبژانی حوکمڕان و سنووردارکردنی و دیاری کردنی دەسەلاتەکانی بکات، باسی بەرپرسیارکردنی حوکمرانی نەکردووە، باسی هیچ جۆرە سیستەمێکی حوکمڕانی نەکردووە بۆ دەوڵەت، خاڵێکی تر ئەوەیە دیاریکردنی حوکمڕان لەسەر بنەمای دین نەبووە، گرنگ نیە حوکمڕان دینداربووبێت.

خاڵێکی تر ئەوەیە جۆرێک لە نەفرەتکردن هەیە لە سیاسەتکردن، وە سیاسەت دوادەخرێت بۆ گەرانەوەی ئیمامی غائیبی گەڕاوە کە بریتییە لە ئیمامی مەهدی. دواتر ئیمامی خومەینی دێت، خومەینی لە سەر تێزی ویلایەتی فەقیهە، ئەڵێت: ئیمامی غائیب ناگەڕێتەوە ئەگەر هەل ومەرجی گەڕانەوەی بۆ نەڕەخسێت، هەل و مەرجەکەش بریتیە لەوەی ئایەتوڵایەک دنیا چاک دەکات و دواتر ئیمامی مەهدی دەڵێت با بگەڕێمەوە.

لادانێک هەیە لەم هێڵە گشتییەی کە باسمان کرد، باسمان لەوەکرد بەگشتی زۆربەی زاناکانی ئیسلام دژی ئەوە بوونە یاخیبوون ئەنجامبدرێت لە دژی حاکمەکان بەڵام تەیمییە لەو هێڵە گشتییە دەردەچێت، ئیمامی ئیبن تەیمییە شەست ساڵ ستەمگەری پێ باشترە لە یەک ڕۆژ فیتنە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا باوەری وابوو دەبێت لەبەرامبەر حاکمێکی ناموسڵمانی ستەمگەر دەبێت یاخی ببیت، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەبووە لەسەردەمی ئەودا مەغۆلەکان کۆتاییان بە دەسەڵاتی عەباسییەکان هێناو بوونە حوکمڕانی موسڵمانەکان، ئیبن تەیمییە لەوکاتەدا مندال بووە، تەیمییە تەکفیری حاکمەکانی مەغۆل دەکات، ڕاستە ئەم حاکمانە دەڵێن موسڵمانین بە جەوهەر موسڵمان نین، بۆیە تەکفیریان دەکات، وە باس لەوە دەکات نابێت گوێڕایەڵی ئەم حاکمانە بکرێت و دەبێت جیهاد لە دژی ئەم حوکمڕانانە بکرێت، دواتر ئەم دیدە لە سەدەی بیستەمد دەپەڕێتەوە بۆ لای قاعیدەو بەشێک لە هێزە ڕادیکاڵەکانی سەدەی بیستەم.

## وانەی سێیەم: ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و مۆگۆلەکان:

لاوازییەکی گەورەیە هەیە لە فیکری سیاسی ئیسلامی، ئەگەرچی لێرەو لەوێ هەندێ کەس هەبوونە باسی سیاسەتیان کردووە وەکو ئیبن خەلدون، بەڵام ئێمە باسی هێڵە گشتییەکە دەکەین.

بەگشتی لە سەدەی شازدەم تا بیستەم، کۆمەڵێک گۆڕانی گەورە ڕوودەدەن، لەم ماوەیەدا سێ ئیمپراتۆریەت هەن، عوسمانییەکان و سەفەوییەکان و مۆگۆلەکان لە هیند. عوسمانییەکان لەسەدەی چواردەمەوە تا ساڵی ١٩٢٢ ی سەدەی بیستەم حوکم دەکەن، سەفەوییەکان لە ئێران ماوەیەک حوکمڕانی دەکەن، مۆگۆلەکان: ئەو موسلمانەن لە هیندا حوکمڕانی دەکەن، ئەوەی سەیرە مۆگۆلەکان کەمینەیەکی موسڵمانن. ئەم هێزانە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هێزی جیهانین، عوسمانییەکان لە کۆتایی سەدەی حەڤدەمدا دەگەنە ڤیەننا، دەوری ڤیەننا دەگرن بەڵام ناتوانن بیگرن، سەفەوییەکانیش لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەم لەناو دەچن و جێگایان دەگیرێتەوە بە قاجارییەکان. بەڵام عوسمانییەکان لە سەدەی هەژدەم بەرەو سەرەوە بەرەو لاوازی دەرۆن.

لەراستیدا ئەم هێزانە هێزی پێشکەوتوش بوونە، ئەمە ناڕاستە ئەم هێزانە دواکەوتووبوونەو دین لە هەموو ئاستێکی خەڵکیدا ئامادەبووە. ئێمە سێ ڕەمزی پێشکەوتووی هەندەسەمان هەیە لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا کە هێما دەکەن بۆ گەورەیی شارستانییەتی ئیسلامی، لەوانە مزگەوتی ئایەسۆفیا لە ئەستەمبۆڵ کە ڕەمزێکی هەندەسی پێشکەوتووە، گۆڕەپانەی ئەسفەهان هەیە، ئەسفەهان یەکێک بووە لە شارە پیشکەوتووەکانی قۆناغی بەر لەمۆدێرن، لە مۆگۆلەکانیش تاج مەحەلییان دروست کردووە.

وێنایەکی هەڵە هەیە دەربارەی ئەم هێزانە کە پێی وایە ئەم هێزانە بەردەوام ستەمکاربوونەو کەمینەکانی ناوچەکەیان چەوساندۆتەوە، لەکاتێکدا لە سەدەی حەڤدەمدا بەشێکی زۆری ئەو جولەکانەی کە لە ئیسپانیاو پرتوگال ڕاویان دەنێن بەشێکی زۆریان دێن بۆ دەوڵەتی عوسمانی، لەبەرئەوەی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا شتێک نەبووە بەناوی شەڕی دینییەوە، لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا سیستەمێک ئیشی کردووە کە پێی دەوترێت میللەت سیستەم، بەپێی ئەم سیستەمە مەسیحییەکان یان جولەکەکان بۆیان هەیە دینی خۆیان پەیڕەو بکەن و بۆیان هەبووە خۆیان کێشەکانی خۆیان چارسەربکەن، وە نوێنەریشیان هەبووە، ئەم نوێنەرە پەیوەندی ڕێکخستووە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، جولەکان و مەسیحییەکان لەبەرامبەر پاراستنیان دەبوایە باجیان بە

دەوڵەتی عوسمانی دابا ، واتە بە لۆژیکی ئەمڕۆ هاوڵاتی پلە دوو بوونە، بۆیان نەبووە لەناو سیستەمی بیرۆکراسی دەوڵەتدا ئیش بکەن، بۆیان نەبووە ببنە سەرباز، بۆیان نەبووە ببن بە قازی، بەلام لەوکاتەدا لە ئەوروپا شەڕی دین بوونی هەبووە، لەسەر بنەمای دین مرۆڤ کوژراوە کەچی ئەمە لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا بوونی نەبووە، بەڵام کاتیک ئەم میللەت سیستەمەی دەوڵەتی عوسمانی بەراورد دەکەیت لەگەڵ سیاسەتی دینی مەسیحی لە ئەوروپا زۆر لەپێشترە لە سیستەمی ئەوان بەڵام بە ڕوانینی ئەمڕۆ کە باوەڕمان بە مافی یەکسان و هاوڵاتی بوون هەیە کە لەسەدەی نۆزدەم و بیستەمدا دروست دەبن ئەم سیستەمە دواکەوتوو بووە، بەڵام لە سیاقە مێژووییەکەی خۆیدا زۆر مانادار بووە.

خاڵێکی تر ئەوەیە فۆرمێکی لێبوردەیی دینی هەبووە لەناو ئیمپراتۆریەتی مۆگۆلەکان، ئەگەرچی مۆگۆلەکان کەمینەبوونەو هیندۆسییەکان زۆرینە بوونە، زۆر هیندۆسی توانیویەتی لەناو سیستەمی بیرۆکراسییەتی دەوڵەت ئیش بکەن و جزییەشیان لەسەر لابراوە، بەپێچەوانەی دەوڵەتی عوسمانی، مۆگۆلەکان خۆیان پشتگیری دارایی پەرستگاکانی هیندۆسییەکانیان کردووە.

ئەگەرچی لە غیابی تیۆریایەکی سیاسی لەناو ئەم هێزانەدا بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە جۆرێک لە دەسەڵات لەم ناوچەیەدا دروست بووە کە گرنگی خۆی هەبووە.

ئەو فۆرمانەی لە ئەدەبیاتی سیاسی ئەم سێ سەدەیەی کە ئامادە بووە بە لەناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بریتی بووە لە کتێبی "ئەحکام سولٓتان" ییەکەی ماوەردی، ماوەردی پێی وایە ئەگەر حاکم توانی سەرکەوێت و دەسەڵاتی خۆی سەپاندا ئەوا شەرعیەتی هەیە، گرنگ نییە چۆن هاتۆتە سەر دەسەڵات، گرنگ نییە موسڵمان بێت یان ناموسڵمان، گرنگ ئەوەیە ئاسایش و هێمنییەت بپارێزێت.

فۆرمێکی تر سیاسی بریتیە لە " **مرايا الأمراء**" واتە ئاوێنەی دەسەڵاتداران، ئەم فۆرمە باسی ئەوەی کردووە چۆن بتوانرێت حاکمێکی سیاسی چاک دروست بکرێت، بەڵام لەم کتێبە هیچ شتێکی تێدا نییە دەربارەی مەرجی دەستنیشانکردنی دەسەڵاتدار یان لابردن و لێپرسینەوەی هەروەکو چۆن لە هەڵبژاردنی خەلیفەشدا دەسەڵاتەکانی دەستنیشان نەکراو بووە کەی لا ببرێت، لەو کتێبەشدا هیچ مەرجێکی تێدانییە، لەم کتێبەدا حاکم وەکو دڵی دەوڵەت دەبیندرێت، میللەتیش وەکو جەستەی کۆمەڵگا دەبیندرێت، نوسەری ئەم جۆرە کتێبانە ڕۆڵی ڕاوێژی سیاسیان بینییەو ڕاوێژییان داوە بە حاکمەکان. ئەم نوسەرانە داوایان لە حاکمەکان کردووە دەبێت بە رەحم بن، دووەم پرەنسیپی ناو کتێبەکە بریتییە لە دادپەروەری، بەڵام کە باس لە دادپەروەروەری دەکرێت

دەبێت بزانین ئایا باس لە چ جۆرە سەردەمێکی مێژووی دەکرێت، بۆنمونە دادپەروەری لە لای ئەفلاتون و ئەرستۆ بریتییە لە مامەڵەکردن لە مرۆڤەکان بەو جۆرەی کە هەیە، واتە کۆیلە دەبێت وەکو کۆیلە سەیر بکرێت و ژن دەبێت وەکو کن سەیر بکرێت بەپێی ئەو وێنایەی کە ئەوکات یۆنانییەکان هەیانبووە دەربارەی ژن ئەو کاتە تۆ مامەڵەیەکی دادپەروەرانەت کردووە، عەدل ئەوە نیە سەیری هەموو خەڵک بکەیت بە یەک چاو، بەڵکو ئەوەیە جەوهەری جیاواز ببەخشیتە مرۆڤەکان، ئەو جەوهەرانەش نایەکسانن لەگەڵ یەکتردا، ئەگەر مامەڵەیەکی یەکسان بکەیت لەگەڵ کۆیلەیەک و مرۆڤێکی ئازاد ئەوا مامەڵەیەکی نادادپەروەرانەت کردووە.

سەبارەت بە خراپەی سایسی لە ئەدەبیاتی سیاسی ئەم جۆرە دەسەڵاتەدا بریتییە لە ستەمگەری و دڵڕەقی و ناعەدالەتی، جۆرێک لە رەخنەی سیاسی دروست دەبێت کە بنەمایەکی ئەخلاقی هەیە، جۆرێک لە رەخنەی سیاسی دروست دەبێت کە رەخنەیە لە دەزگاکان و رەخنەیە لە بیرۆکراسی و لە چۆنیەتی ئیدارەکردنی وڵاتدا، بە دەگمەن رەخنە لە حاکمی وڵات دەگیرێت، هەندێ جار تیایەتی بەڵام زۆر کەمە.

لەم قۆناغەشدا کۆمەڵگا دابەشکرابوو بۆ دوو کۆمەڵە " عامەوخاسە" عامە ئەوانە بوون کە مافی سیاسیان نەبوو، بۆیان نەبوو ببنە حاکم یان دەسەڵاتدار، خاسەش ئەوانە بوون لە لە حاکمەوە نزیک بوون، ئەو خاسانە توانیویانە جاربەجارێک لەگەڵ سوڵتاندا قسە بکەن.

ئەم فۆڕمە لە سیاسەتکردندا تەواو نا شۆڕەشگێڕە، داوای گۆڕانکاری کردن ناکات، داوای گۆڕینی سیستەمی سیاسی ناکات، ئەو فۆڕمەی کە داوای گۆڕانکاری دەکات لە سەدەی بیستەمدا سەرهەڵدەدات.

لە کۆتایی سەدەی حەڤدەمدا دەوڵەوتی عوسمانی بەرەو لاوازی دەچێت و چەند شەڕێک دەدۆڕێنێت بەرامبەر ڕوسیا، دواتر لە ڤیەننا دەشکێت، لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا بیرکردنەوەیەک دروست دەبێت بە گەرانەوە بۆ فکری ئیبن خەلدون، کە پێی وایە مرۆڤ خاوەن ئیرادەیەو خۆی بەرپرسیارە لە کردەوەکانی بۆیە دەولەتی عوسمانی بەرپرسیارە لە دۆڕانەکان، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە سەدەی حەڤدەمدا جۆرێکە لە ڕۆشنگەری عەقل، هەمووشی لە دەرەوەی کاریگەری خۆرئاوابووە، بۆیە ئێستا کەسانێکی زۆر دەگەڕێنەوە بۆ ئەم سەدەیە بۆ لێکۆڵینەوە.

بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمدا دەوڵەتی عوسمانی دەکەوێتە ژێر کاریگەری خۆرئاوا، ناپلیۆن لە ساڵی ١٧٩٨ میسر داگیر دەکات و دواتر جەزائیر لە ساڵی ١٨٣٠ داگیردەکرێت.

له سەدەی نۆزدمەدا ڕیفۆرمی دینی هەیە، پرسیاری سەرەکی لە سەدەی نۆزدەمدا ئەوەیە ئەوە نیە دەولەتی ئیسلامیمان هەبێت بەڵکو پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا ئیسلام لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم دەگونجێت، پرسیاری سەرەکی لای " تاتاوی. محمد عەبدە، نامیق کەمال" ئەوەیە ئایا ئیسلام لەگەڵ زانست و پێشکەوتندا دەگونجێت، وەڵامەکەشی ئەوەبوو بەڵێ ئیسلام لەگەل پێشکەوتندا دەگونجێت.

هەروەها ڕیفۆرمی سیاسی هەیە، موسلمانەکان لە فیکری خۆرئاوا تێدەگەن، تاتاوی کاتێک دەچێتە فەرەنسا لە ساڵی ١٨٢٦ دواتر دەگەڕێتەوەو دەستووری فەرەنسا دەکاتە عەرەبی، تیایدا دەسەڵاتەکان لێکجیاکراونەتەوەو دەستوور بوونی هەیە، وشەی دەستوور لە عەرەبیدا بوونی نەبووە تاتاوی وشەی شەرتە لەبەرامبەر وشەکە بەکاردێنێت کە لە (charter) وەری گرتووە.

له سەدەی نۆزدەمدا بزوتنەوەیەکی دەستووری دروست دەبێت، لە ساڵی ١٨٧١ بۆ یەکەم جار دەستوور دەسەپێندرێت بەسەر سوڵتاندا، دواتر بیرکردنەوەی خەڵک دەربارەی سیاسەتکردن دەگۆڕێت، پێشتر سیاسەتکردن بریتی بوو لەوەی تەنها نوخبەیەک یان خەلیفەیەک بۆی هەبوو سیاسەت بکات.

ریفۆرمی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، ژنان مافی خوێندنیان دەبێت.

دواتر دەولەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٥١ میللەت سیستەم کۆتایی پێدێنێت و هاوڵاتی بوون جێگەی دەگرێتەوە.

ڕیفۆرمی ماددی هەیە، تیایدا کەپیتالیزم سەرهەڵدەدات.

ریفۆرمی خوێندن: خوێندنگای نادینی دروست دەبن، ڕیفۆرمی یاسایی: کەسانی ناموسڵمان وەکو هاوڵاتی هەمان مافی موسلمانەکانیان دەبێت.

هەموو ئەم ریفۆرمانە یەک ئەنجامی دەبێت ئەویش ئەوەیە پێگەی مەلاکان لاواز دەبێت، چونکە مامۆستاو پارێزەرو دادگاو حاکمەکان دەبنە ڕکابەری مەلاکانی دینی.

ریفۆرمی سیاسی دروست دەبێت: چەندەها نوخبەی تازە دروست دەکات، رۆژنامەو میدیاو کەسانی خوێندەوار دروست دەبێت و پێگەی مەلاکان لاواز دەکەن.

یەکێک لە خاڵە سەرەکیەکانی ئیسلامی سیاسی دژایەتی کردنی پیاوانی دینییە، ئەو بکەرانەی دەبنە هەڵگری بیری سیاسی هیچیان دەرچووی قوتابخانەی دینی نەبوون بەڵکو دەرچووی قوتابخانەی نادینی بوون.

له سەدەی نۆزدەمدا هەندێ ئایدۆلۆژیا هەبوون، ئایدۆلۆژیای سەرەکی ناو دەوڵەتی عوسمانی بریتی بوو لە " عوسمانیزم" وێناکردنی دەوڵەتی عوسمانی وەکو چوارچێوەی ئیشکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو کەسانەی لەناو دەوڵەتەکەدا دەژین، شوناسی سەرەکی دەوڵەتەکە ئیسلامە.

ئەگەرچی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمەدا ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم سەرهەڵدەدا لەناو دەوڵەتی عوسمانی بەڵام ئەم ناسیۆنالیزمە ناسیۆنالیزمێکی کولتورییەو جەخت لەسەر جیاوازییە کولتورییەکان دەکاتەوە نەک جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی، سەرەکی داواکاری عەرەبەکان ئەوەبوو دەبێت سەرۆکی دەوڵەتی عوسمانی عەرەب بێت نەک تورک.

دواتر ئایدۆلۆژیای پان ئیسلامیزم سەرهەڵدەدات کە خاوەنەکەی جەمالدینی ئەفغانیە، جەمالدینی ئەفغانی پێی پێی وابوو دەبێت لە ڕێگەی ئیسلامیزمەوە بەرەنگاری کۆڵۆنیالیزم ببینەوە، ئیسلامیزم هەموو موسڵمانان کۆدەکاتەوە لە دژی کۆڵۆنیالیزم.

له سەدەی نۆزدەمدا حاکم تەنیا لەبەرامبەر خوادا بەرپرسیارنیە بەڵکو لەبەرامبەر هەموو خەڵک بەرپرسیارە. لەم سەدەیەدا چەمکی هاوڵاتیبوون و دەستوور دێتە ئاراوە لەناو دەوڵەتی عوسمانی.

تا ساڵی ١٨٧١ ڕۆشنبیرانی ناو دەوڵەتی عوسمانی لاسایی مۆدێلی فەرەنسیان کردووەتەوە، کە جەختی لەسەر هاوڵاتیبوون و ڕۆشنگەری و عەقڵانی بوون کردۆتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٨٧١ بەدواوە لاسایی مۆدێلی ئەڵمانیان کردۆتەوە چونکە لەم ساڵەدا فەرەنسا چەند شەڕێک لەبەرامبەر ئەڵمانیا دەدۆڕێنێت، دواتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری مۆدێلی ئەڵمانیا، بە تایبەتی سەرکردەی ئەوکاتی ئەڵمانەکان " پسمارک" کە داوای یەکگرتنی ئەڵمانیا کردووە، دواتر ئەتاتورک و جەمال عەبدولناسرو بەعسییەکان دەکەونە ژێر کاریگەری پسمارک، ئەوانیش باوەریان بە یەکگرتن و سەرکردەیەکی کاریزمی زاڵ هەیە.

## بەشی چوارەم: ئەبوعەلای مەودودی – حەسەن بەننا:

لە سەدەی بیستەمدا ئیمپڕاتۆرییەتەکان هەڵدەوەشێنەوە، ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتەکانی ئەوروپا هەڵدەوەشێنەوە، ئەو فۆرمە سیاسییەی کە جێگەی ئیمپڕاتۆریەت دەگرێتەوە بریتیە لە دەوڵەتی نەتەوەnation state ئەم دەوڵەتانەش سنووریان هەبوو، بەڵام ئیمپراتۆرییەتەکان سنوورەکانیان گەورەتربوو، بۆنمونە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی سنوورەکەی لە بەلقانەوە درێژ دەبۆوە تا مەغریب، چەمکی سەرەکی لەناو دەوڵەتی نەتەوەدا بریتیە لە نەتەوە، بەڵام لە دەوڵەتی عوسمانی شوناسی سەرەکی بریتیە بووە لە دین یان عوسمانی بوون، دواتر سەرجەم بزوتنەوە سیاسییە دینییەکان کە دروست دەبن لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەدا دروست دەبن، هەرچەندە خەونی ئەوەیان هەبووە کە دنیای ئیسلامی یەکبگرێتەوە.

لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەدا لە کۆلۆنیالیزم سەرهەڵدەدات و لەناو ژیانی ئابووری و سیاسی ئەم دەوڵەتانەدا ئامادە دەبێت بەشێوەیەکی ماددی بەرجەستە دەبێت، لە بەرامبەردا بزوتنەوەی دژە کۆلۆنیالیزم دروست دەبێت، ئەم بزوتنانەوەش فۆرمی جیاوازییان هەیە، بۆنمونە لەناویاندا هەیە بزوتنەوەی مارکسی هەیە، بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی هەیە، هەروەها بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی هەیە کە دژایەتی کۆلۆنیالیزم دەکەن.

لە سەدەی بیستەمدا لاوازییەکی ڕێژەیی لەناو مەلاکان و زانایانی ئاینی دروست دەبێت، بەهێزبوونی چینی ناوەڕاست، چینی ناوەڕاست ئەو چینەیە کە لە مامۆستاو دکتۆرو پارێزەر پێکدێن، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ئەم چینانە گەشە دەکەن و دەبنە بەشێک لە پێکهاتی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانە، بەشێکی زۆری دیاردە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم چینی ناوەڕاست لێی بەرپرسیارە، بۆنمونە سەید قوتب و حەسەن بەننا کە دواتر باسیان دەکەین ئەمانە سەر بە چینی ناوەرست بوونە نەک مەلا، ئەمانە لە ڕووی سۆسۆلۆجییەوە پێیان دەوترێت "ئەفەندی" ئەفەندی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگا بووە یاخود بەشە خوێندەوارەکە بوونە، ئەفەندی بوونەوەرێکی تازەی کۆمەڵایەتی بووە کە تازە هاتیتە ناو کۆمەڵگا، جلەکانی جیاوازەو هەڵگری زانستێکە کە پسپۆڕی هەیە، جیاوازە لە چینەکانی تری کۆمەڵگا.

لە سەدەی بیستەمدا لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە چەند ئایدۆلۆژیایەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بڵاودەبنەوە، وەکو سۆشیالیزم بە هەموو فۆڕمەکانییەوە، وەکو لینینیزم و مارکسیزم، ئەمانە دەبنە بەشێک لە هۆشیاری سیاسی بزوتنە سیاسییەکانی ناوچەکە، لە دوای شۆڕەشی

ئۆکتۆبەرەرە لەساڵی ١٩١٧ ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیزم بە هەموو فۆڕمەکانی لەم ناوچەیەدا بڵاودەبێتەوە، بەڕادەیەک لە ساڵانی سییەوە تا ساڵی ١٩٥٨ بزوتنەوەی باڵادەست لە عێراقدا بزوتنەوەی کۆمەنیستەکانە، ئەو شیعانەی ئێستای عێراق زۆربەیان کۆمەنیست بوونە، کۆمەنیستی دەبێتە بەشێک لە هۆشیاری سیاسی خەڵکی عێراق بە درێژایی ئەم ساڵانە.

ئایدۆلۆژیای دووەم لە ناوچەکەدا بریتیە لە ناسیۆنالیزم هەرچەندە لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیا نیە بەڵکو پرەنسیپێکی سیاسیە، ناسیۆنالیزم پێ لەسەر شوناسی نەتەوە دا دەگرێت، شوناسی ناسیۆنالیزم جیاوازە لە شوناسی ئیسلامی کە شوناسی سەرەکی ئیسلام بریتیە لە ئوممەی ئیسلامی، بۆیە عەرەبەکان دێن چەمکی ئوممە دەکەنە چەمکێکی ناسیۆنالیزمی و کورتی دەکەنەوە لە چەمکی ئوممەی عەرەبی. زمانێکی سەرەکی دروست دەبێت کە دەبێتە ڕکابەرێکی گەورەی زمانە دینییەکە.

ئایدۆلۆژیایەکی تر بڵاودەبێتەوە لەناوچەکەدا لە سییەکاندا بریتیە لە فاشیزم، ڕۆشنبیری گەورە هەبووە باوەڕی بە فاشیزم هەبووە، بە حوکمی ئەوەی فاشیزم لە ئەڵمانیا سەرهەڵدەدات، ئەڵمانیاش دژی بەریتانیاو فەڕەنسایە، ئەم دوو وڵاتەش دژی ئەڵمانیا بوونە، بۆیە جۆرە شەیدابوونێک بۆ فاشیزم هەبووە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

کۆتا ئایدۆلۆژیا کە لەناوچەکەدا هەبووە بریتیە لە لیبڕالیزم، لیبرالیزم ئایدۆلۆژیای سەرەکی نێو ناسیۆنالیزم بووە، بەڕیتانییەکان  دێن عێراق سوریاو وڵاتانی تر داگیردەکەن ئەو سیستەمەی پەیڕەوی دەکەن لیبڕالیزمە، عێراق لە سەرەتای دامەزراندنیدا دەستووری هەبووە، فرەحیزبی تێدابووە، سیستەمی میدیای ئازادی هەبووە، عێراق لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا شۆڕەشەکەی ساڵی ١٩٥٨ مێژوویەکی لیبڕالی هەبووە، میسرِیش بە هەمان شێوە.

لێرەوە پەرچەکردارێک لە دژی لیبرالیزم دروست دەبێت، ئایدۆلۆژیایەکانی وەکو مارکسی و سۆشیالیزم و فاشیزم و ئیسلامی سیاسیش دەکەونە دژایەتی کردنی لیبرالیزم.

ئەگەر سەدەی بیستەم کورت بکەینەوە، لە بیستەکانەوە تا ساڵی حەفتا لە ناوچەکەدا هەیمەنەو دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمە بە هەموو فۆڕمەکانییەوە، بۆنمونە حیزبی شیوعی عێراقی حیزبێکی ناسیۆنالیزمی بوو، جەختی لەسەر یەکێتی عێراق و ناسنامەی عێراقیبوون دەکردەوە بەڵام ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە کۆمەنیستی، بۆنمونە ناسڕ کەسێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی بوو ناوەڕۆکەکەی سۆشیالیستی بوو.

بەعس پارتێکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو بەڵام ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە سۆشیالیزم بەڵام نەک سۆشیالیزمی مارکسی.

لە ساڵانی حەفتا بەدواوە ئیسلامیزم دەبێتە ئایدۆلۆژیای باڵادەست لەناوچەکەدا، ئەمەش پەیوەندی بە دۆڕانی عەرەبەوە هەیە بەرامبەر بە ئیسرائیل، لە ساڵی ١٩٦٧ ئیسرائیل لە شەش رۆژدا جەنگێک دەباتەوە لەدژی میسرو سوریا، هەروەها پەیوەندی بە مردنی ناسرو هاتنی سادات و بەرزبوونەوەی دەسەلاتی سعودیە لە ناوچەکەدا بەهۆی نەوتەوەو هەڵگیرسانی جەنگی سارد لە ناوچەکەدا، تۆخبوونەوەی جەنگی سارد لە نێوان بلۆکی سۆشیالیزم و سەرمایەداری، بەگژداچوونەوەی هێزە چەپگەرەکان، وڵاتانی ئەم ناوچەیەو وڵاتانی خۆرئاوا بۆ بەگژداچوونەوەی هێزە چەپگەرەکان پشتگیری بزوتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکانیان دەکرد، تا تەقینەوەی شۆڕەشی ئیسلامی ئێرانی و داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٧٩.

بەکورتی لە ساڵانی هەفتاوە تا نۆهەتەکان ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی ئایدۆلۆژیای باڵادەست بووە لەناوچەکەدا ئەگەرچی لەناو دەوڵەتیشدا ئامادە نەبووە بەڵام لەناو کۆمەڵگادا ئامادەیی هەبووە. بۆنمونە لە سەرەتای دروست بوونی سینەمای میسرییەوە تا هەشتاکان هیچ ئافرەتێکی لەچک بەسەر نابینیت بەڵام لە هەشتاکان بەرەو سەرەوە جلوبەرگی ئافرەتان و پیاوان گۆڕانکاری بەسەرردادێت، لەناو سینەمادا ئافرەتی لەچک بەسەریش بەدیاردەکەون بەهۆی باڵادەستی حیزبە ئیسلامییەکانەوە.

ئایدۆلۆژیایەکی تر لە ناوەڕاستی نۆهەتەکانەوە سەرهەڵدەدات ئەویش بریتییە لە پۆست ئیسلامیزم کە کەمتر باس کراوە، ئەم ئایدۆلۆژیایە باوەڕی بە دەوڵەتی ئیسلامی نیە بەڵکو باوەڕی بە دەوڵەتی مەدەنی هەیە، بۆنمونە ئیخوانەکانی دوای نۆهەتەکان ئەم باوەڕەیان هەیە.

**ئەبو عەلای مەودودی:**

یەکەمین کەس کە هەوڵی دروستبوونی بزوتنەوەی ئیسلامی دابێت بریتیە لە ئەبو عەلای مەودودی، ئەم پیاوە کەسێکی هیندیە، هەڵقوڵاوی ناو سیاقی هیندە، ئەم پیاوە چەند کتێبێکی هەیە کە لەناوەراستی چلەکانەوە کراونەتە عەرەبی، لە پەنجاکاندا لە میسردا چاپخانەیەک هەبووە بە پلەی یەکەم کتێبەکانی ئە پیاوەیان تەرجومە کردووە، ئەم پیاوە باوەڕی وابوو دەبێت موسڵمانانی هیند دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت کە بەشێک نەبن لە هیند، دوای ئەوەی پاکستان لە هیند

جیادەبێتەوە ئەم پیاوە دەچێتە پاکستان، ئەم پیاوە دەرچووی قوتابخانەکانی مۆدێرنەیە نەک دینی، واتە سەربە چینی ناوەراست بووە، زمانزان بووە، زمانی ئۆردو، فارسی عەرەبی، ئینگلیزی و هیندی زانیووە، چالاکەوان بووە، رۆژنامەنوس بووە، وەرگێڕیش بووە، رۆشنبیر بووە، رۆشنبیر بەو واتایەی لە خەمی گشتی کۆمەڵگایە. ئەم پیاوە بەرگری لە دروستبوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکات بۆ موسڵمانەکانی هیند، لە ساڵانی بیستەوە گرنگی بە ئیسلام دەدات.

ئەم پیاوە خوێنەرێکی باشی مارکسی و فەلسەفەری رۆژئاوا بووە، ئەم یەکەم کەس بووە هەوڵی دروستبوونی ئایدۆلۆژیای ئیسلامیزمی داوە، هەروەها  باسی ئەوەی کردووە پێویستە دەولەتێکی ئیسلامی بۆ موسلمانان دروست بکرێت، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی دەزگاکانی دەوڵەتەوە دەکرێت بۆ دروستکردنی  شوناسی ئیسلامی بۆ خەڵک، هەروەها ئیسلامیزم وەکو جێگرەوەی سۆشیالیزم و سەرمایەداری دەبینێت، پێی وایە ئیسلام پێویستی بەم ئایدۆلۆژیانە نیەو ئیسلام دژی عەلمانیە، بۆیە لەوکاتەوە دژایەتی عەلمانییەت دەکرێت، بۆنمونە بزوتنەوە ئیسلامییەکان جنێوی دنیا بە عەلمانیەت دەڵێن و بەسەرچاوەی سەرەکی خراپەو داوێن پیسی دادەنێن.

**ئەم پیاوە باوەڕی بە سێ فکرەی سەرەکی هەیە کە دواتر کاریگەرییەک گەورە بەسەر فکر ئیسلامی لە سەدەی بیستەمدا بەجێدێڵێت، یەکەم فکرە: حاکمیەتی خوا:** لای مەودودی ئەوەی مافی ئەوەی هەیە حوکمڕان بێت مرۆڤ نیە بەڵکو خودایە، سەید قوتبیش باوەری بە حاکمیەتی خودا هەیە بەڵام هیچ میکانیزمێکی دیاری نەکردووە لەسەرئەوەی ئایا خوا چۆن حوکمڕانی بکات چونکە لەکۆتاییەکەیدا خودا دەبێت لە ڕێگەی مرۆڤەوە حوکم بکات. لە ڕاستیدا حاکمیەتی خودا واتە جێبەجێکردنی شەریعەتی خودا، واتە بوونی دەوڵەتێک کە هیچ قانونێکی تری تێدانەبێت جگە لە شەریعەتی خودا نەبێت. حاکمیەت چەمکێکی مۆدێرنەیە واتا سەروەری sovereignty ، واتە سەروەری خەڵک چونکە کۆمەڵگا بڕیاردەدات سیستەمی کۆمەلگا چۆن بێت، چ یا یاسایەک هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، بەڵام لای مەودودی خەڵک مافی ئەوەیان نیە سیستەمی کۆمەڵگا دیاری بکەن دەبێت خودا ببێتە سەروەری کۆمەڵگا.

**دووەم فکرەی مەودودی : جاهیلیەتی کۆمەڵگایە:**  مەودودی پێی وایە هەموو کۆمەڵگای ئەم سەردەمە جاهیلن چونکە یاساکانی خوا جێبەجێناکەن، بەڵام مەودودی باوەڕی بە دوو جۆر لە جاهیلییەت هەیە، یەکەم: جاهیلیەتی پوخت(خالص) نمونەکەشی ئەوروپایە، ئەوروپا بە تەواوی جاهیلیە. دووەم: جاهیلیەتی بەشەکی: نمونەکەی کۆمەڵگاکانی موسڵمانان و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، بەڵام سەید قوتب پێی وایە سەرجەم کۆمەڵگاکانی ئەم سەردەمە توشی جاهیلیەتێکی نوێ بوونە.

**فکرەی سێیەم: جیهاد:** جیهاد وەکو ئامرازێکی گۆڕانکاری، وەکو فەرزێک دەیبینێت بۆ موسڵمانان. لێرەوە کۆتایی بە فکرەی " فیتنە" دێت فیتنە واتە نابێت موسڵمانان یاخی ببن لە دژی حوکمڕان، بەڵام لای مەودودی جیهاد پێویستە بکرێت و پێویستە موسڵمانان یاخی ببن لە حوکمڕان، هەرچەندە کتێبێکی هەیە لەبارەی جیهاد بەڵام دواتر هەوادارانی ئەم کتێبە چیتر چاپ ناکەن چونکە دواتر مەودودی خۆی بیروباوەی دەگۆڕدرێت لەبارەی جیهادەوە.

**حەسەن بەننا:** ئەم پیاوە سەربە چینی ناوەراستە لە لادێوە دێتە قاهیرە بەڵام کەدێتە قاهیرە ناچێت لە ئەزهەر بخوێنێت بەڵکو دەچێتە خانەی مامۆستایان "دار العلوم" دەرچووی خوێندنی مۆدێرنەیە نەک دینی، لە سەرەتای ساڵی  بیستەکان دەچێتە قاهیرە، کە دەچێتە قاهیرە توشی شۆکی کەلتوری دەبێت چونکە ئەو لە گوند بووەو لە خێزانێکی دینییەوە پەروەردەبووە، قاهیرەی بیستەکانیش زانکۆو ڕۆشنبیری تێدا بووە کچی سفوری تێدابووە، واتە ژینگەکەی جیاواز بووە لەو ژینگە دینییەی تیایدا پەروەردەبووە، بۆیە زۆربەی سەکردەکانی بزوتنە ئیسلامییەکان ڕەگە کۆمەڵایەتییەکەیان دەچێتەوە نیو گوندەکانەوە نەک شارەکان.

ئەم پیاوە تێبینی دەکات لە میسردا ناسیۆنالیزمەکان پارتی سیاسی خۆیان هەیە، سۆشیالیزمەکان، کۆمەنیستەکان پارتی سیاسی خۆیان هەیە، بۆیە حەسەن بەننا هەڵدەستێت بە دامەزراندنی ئیخوانی موسلیمین وەکو یەکەم ڕێکخراوی سیاسی ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە لەناو مێژووی سیاسی ئەم ناوچەیەدا بۆ یەکەم جار شتێک دروست دەبێت بەناوی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی، چونکە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام شتێک نەبووە بەناوی پارتی ئیسلامی سیاسی، حیزب خۆی دیاردەیەکی مۆدێرنەیە لە سەدەی بیستەمدا دروست دەبێت، لە چوارچێوەی هاتنی ناسیۆنالیزم و کۆڵۆنیالیزمدا دروست دەبێت. حەسەن بەننا دەربارەی ئەو حوکمڕانە عەرەبانەکان دەستەواژەیەک بەکاردێنێت و دەڵێت ئەمانە: پاشماوەی غەزوی سەلیبین، نمونە سەرەکییەکەشی بریتیە لە ئەتاتورک، ئەتاتورک هات سیستەمێکی عەلمانی توندی هێنایە ئاراوەو حیجابی قەدەغەکرد. حەسەن بەننا پێی وایە ئیسلام لەناو دەوڵەت و کۆمەڵگادا ئامادە نیە بۆیە بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە هەم دەوڵەت و هەم کۆمەڵگا بکاتە ئیسلامی، پێی وایە ئەم حوکمڕانانەی ئەم ناوچەیە ئەهلی کوفرن هەم لە ژیانی شەخسی خۆیاندا هەمیش لەناو دەوڵەتدا، پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە، سەبارەت بە گۆڕانکاری لەبەرئەوەی حەسەن بەننا لە هەلومەرجێکی لیبرڕاڵدا ژیاوەو پارتی سیاسی دامەزراندوەو تۆڕێکی لەناو مزگەوتەکاندا دروست کردووە بۆیە لە ڕاستیدا لیبرالانە بیردەکاتەوە چونکە باوەری بە ڕێگای توندوتیژی نیە بۆ هاتنە

سەردەسەڵات یان لە ڕێگای کودەتا یان شۆڕەشەوە دەسەڵات بگریتە دەست و دواتر کە هاتیتە سەردەسەڵات دەزگاکانی دەوڵەت بەکاربێنیت بۆ بە ئیسلامکردنی کۆمەڵگا، حەسەن بەننا باوەڕی بە دەعوە هەیە بۆ گۆڕانکاری کردن لە کۆمەڵگا، باوەری بەوە هەیە پێویستە سەرەتا تاکێکی موسلمان دروست بکەی دواتر خێزانێکی موسڵمان دواتر کۆمەڵگایەکی موسڵمان دواتر دەوڵەتیکی موسڵمان دواتر هەموو دەوڵەتانی جیهان بکەیت بە موسڵمان لە ڕێگای خەلافەتەوە، لە ڕاستیدا ئەم پڕۆژەیە پرۆژەیەکی ریفۆرم خوازت نەرمی بێ توندوتیژییە، ئەم بیرکردنەوەشی لەوەوە نیە کە ئیسلام ئاینێکی توندوتیژ نیە، هۆکارەکەی ئەوەیە ئەم پیاوە لە سیاقێکدا ئیش دەکات کە مەجالی ئەوەی تێدایە سیاسەت بکات، بەڵام دوای ئەوەی سەید قوتب دێت ڕێک بە پێچەوانەی حەسەن بەنناوەیە، باوەری بە توندوتیژییە، باوەڕی بەو پرۆژەی حەسەن بەننا نیە کە لە تاکێکەوە دەست پێبکەی و تا دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی بە ڕێگای دەعوە، ئەو باوەی بەوەیە راستەوخۆ دەبێت لەڕێگای پارتێکی ئیسلامیەوە پەلاماری دەوڵەت بدەیت و دواتر دەزگاکانی دەوڵەت بەکاربێنیت بۆ بە ئیسلامکردنی کۆمەڵگا. حەسەن بەننا لە ساڵی ١٩٤٩ لەلایەن دەوڵەتەوە دەکوژرێت چونکە کۆمەڵە گەنجێک لەناو ئیخواندا  ئۆرگانێکی سەربازی دروست دەکەن و چەند کەسێکی ناو دەوڵەت دەکوژن لەبەرامبەر ئەمەشدا دەوڵەت هەڵدەستێت بە کوشتنی حەسەن بەننا.

حەسەن بەننا نوسینێکی هەیە لەناو کتێبێکدا بەناوی ئیسلام لە گۆڕاندا، باس لەوە دەکات ئیسلام پێویسی بە ئایدۆلۆژیاکانی ئەم سەردەمە نیە، دەڵێت: کاتێک موسڵمانان دەچنە مزگەوت بۆ نوێژکردن جیاوازی ناکرێت لە نێوانیاندا چونکە هەموو چینێکی تێدایە دەوڵەمەندا، هەژار، بۆیە ئەمە سۆشیالیزمە، کەواتە سۆشیالیزم لەناو ئیسلامدا هەیەو ئیسلام پێویستی بە سۆشیالیزم نیە، سەبارەت بە فاشیزم دەڵێت: لەناو مزگەوتدا ئیمام هەیە کە ئەرکی ئەوەیە هێمنی و نیزامی مزگەوت بپارێزێت ئەمەش بریتیە لەسەرکردەو سیستەمی بەهێز، ئەوەش خاڵی سەرەکی ناو فاشیزمە، فاشیزم ئەو ئایدۆلۆژیایەیە کە دەیەوێت دەوڵەت و سەرکردەی بەهێز دروستبکات، لەناو ئیسلامدا فاشیزم هەیە کەواتە ئیسلام پێویستی بە فاشیزم نیە.

سەبارەت بە لیبرالیزم: دەڵێت : ئەگەر ئیمام هەڵەیەکی کرد تاکەکانی ناو مزگەوتەکە بۆیان هەیە هەڵەی ئیمامەکە ڕاست بکەنەوە ئەمەش بریتییە لە ئازادی تاکەکەسی یاخود لیبرالیزم کەواتە لیبرالیزم لەناو ئیسلامدا هەیەو ئیسلام پێویستی بە لیبرالیزم نیە.

ئەم بزوتنە ئیسلامییە سیاسیانە لەناو ژینگەی ئایدۆلۆژیاکانی سەدەی بیستەمەوە گەورەدەبن و لە ڕوانگەی ناوەرۆکی ئەم ئایدۆلۆژیانەوە دووبارە سەیری ئیسلام دەکەنەوە، ئەوەی ئەوانە

دەیکەن کارێکی نوێیە، ناگەڕێنەوە بۆ ڕەسانایەتی و ڕاستەقینەی ئیسلام، ئەم بزوتنە ئیسلامیانە ناگەرێنەوە بۆ ڕەسانایەتی ئیسلام بە پێچەوانەی فکرەکانی پێش خۆیان، سەرلەنوێ لێکدانەوە بۆ ئیسلام دەکەن لە روانگەیەکی سیاسیانەوە.

ئەم بزوتنەوە ئیسلامیانە کوڕی سەدەی بیستەن و لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیاکانی ئەم سەدەیەوە دروست دەبن  بەدوای شوناسێکی نوێی ئیسلامی تازەدا دەگەڕێن. حەسەن بەننا یەکەم کەسە کە دەڵێت: ئیسلام هەم دینەو هەم دەوڵەت کە مەبەستی دەوڵەتی نەتەوەیە، دەوڵەتی نەتەوە دیاردەیەکی نوێی مۆدێرنەیە، دینیش سەرلەنوێ لای حەسەن بەننا پێناسکراوەتەوە لە پاڵ ئایدۆلۆژیاکانی سەردەمەکەوە، کەواتە بزوتنەوەی ئیسلامی وەکو بزوتنەوەکانی تر بزوتنەوەی تازەن و ئەوەی دروستی دەکات ئایدۆلۆژیایەکی سیاسییەو دین نیە.

## بەشی پێنجەم: سەید قوتب:

حەسەن بەننا پێی وایە ئیسلام ناگونجێت لەگەڵ هیچ سیستەمیکی تر جگە لە ئیسلام نەبێت یان ئیسلام یان جاهیلیەت، لە نێوان ئەم دوانەدا هیچ پردێک نیە، ئامادەگی ئیسلام واتە نەفی کردنی جاهیلیەت، پێچەوانەکەشی ڕاستە، حەسەن بەننا سەرجەم کۆمەڵگاکان بە کۆمەڵگای موسڵمانەکانیشەوە بە جاهیلیەت ناودەبات، پرۆژەکەشی بریتی لە گۆڕینی ئەم کۆمەڵگایانە بۆ ئیسلام لە ڕێگای دەعوا، بەڵام سەید قوتب بە پێچەانە حەسەن بەننا پێی وایە دەبێت لە ڕێگای جیهادو شۆڕەشەوە کۆمەڵگا بە ئیسلام بکەین، سەید قوتب دوو کتێبی هەیە بەناوی (في ظلال القرأن, معالم في الطريق) بەتایبەتی کتێبی معالم في الطريق ئەم کتێبە وەکو کتێبەکەی لینین گرنگە بۆ هەوادارەکانی وەک چۆن کتێبەکەی لینین بۆ بزوتنەوە سۆشیالیزم و کۆمەنیستەکان گرنگە بەهەمان شێوە ئەم کتێبەی سەید قوتب گرنگە بۆ بزوتنەوە ئیسلامییە توندڕە و ڕادیکالەکان.

**سەید قوتب:**

سەید قوتب لە بنەماڵەیەکی دیندار لەلادێ لە دایکبووە، باوکی سەید قوتب رۆژنامەی تاکە کەس لە گوند کە رۆژنامەی لە ماڵدا هەبوو، بۆیە سەید قوتبیش ڕۆژنامەی بۆ خەڵکی گوند دەخوێندوەوە، هەموو ساڵێک کتێبفرۆشێکی گەڕۆک دێتە ناو گوندەکەی سەید قوتب، باوکی سەید قوتبیش دوو کتێب دەکڕێت بەناوەکانی : فەلەک و دوعا، خەڵک دەچنە لای سەید قوتب بۆئەوەی دوعایان بۆ بخوێنێتەوە، سەید قوتب هەر لەمنداڵییەوە جۆرێک پەیوەندی هەبووە لەگەڵ خەڵکدا، دایکی سەید قوتب خوێندەواربوونەو دوو برای دایکی سەید قوتب لە ئەزهەر خوێندویانە، هەروەها سەید قوتب لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا قورئانی هەمووی لەبەرکردووە.

کە دەچێتە قاهیرە دەبێتە ئەندامی حیزبی وەفد، دواتر دەچێتە ناو گروپێکی عەقاد، عەقاد کەسێک بوو لە دەرەوە دکتۆرای تەواوکردووبوو، کەسێکی لیبرال بوو، لەگەڵ ئەم گروپەدا گفتوگۆیان دەکرد.

ئەوانەی ژیانی فکری سەید قوتف دەخوێننەوە، ژیانی سەید قوتب دابەش دەکەن بۆ سێ قۆناغ:

یەکەم قۆناغ: کاتێک دەچێتە قاهیرە لە قۆناغێکی لیبراڵدا دەژیت، دەبێتە ئەندامی حیزبی وەفدو دەکەوێتە ژێر کاریگەری کەسێکی وەکو عەقاد کە کەسێکی لیبڕال بووە. سەید قوتب یەکەم کتێب

ک دەینوسێت لەساڵی ١٩٣٣ بەناوی (مهمة شعر في حياة شاعر) سەرەتا وەکو ئەدیبێک دەست دەکات بە نوسین، دواتر دیوانێکی شێعری بڵاودەکاتەوە بەناوی ( الشاطيء في المجهول)، ئەو پێی وابوو ئەم دوو کتێبە دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت بەڵام هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت لە میسرِدا. دواتر لەساڵی ١٩٣٩ کتێبێک بەناوی (التصوير الفني في القرأن) دەنوسێت، لەو کتێبەدا باسی قورئان دەکات لە منداڵی خۆیدا، دەڵێت: قورئان بۆمن تێکستێکی ئێستاتیکییە یان جوانییە، پڕیەتی لە مۆسیقاو پڕیەتی لە وێنای جوان و وشەی جوان و پڕیەتی لە ئیقاع، قورئان وەکو ئەزمونێکی ئێستاتیکی و جوانکاریانە دەخوێنێتەوە. دواتر کتێبێک دەنوسێت: بەناوی (مشاهد القيام في القرأن) لەم کتێبەدا باسی وێنای قورئان دەکات بۆ گەردوون و وێرانبوونی زەوی، لەم کتێبەشدا دیسان قورئان وەکو کتێبێکی ئەدەبیانە پیشان دەدات. دواتر هەڵدەستێت بە نوسینەوەی ژیانی تایبەتی خۆی، چونکە لە سییەکاندا لە میسردا بووبووە نەریت نوسینەوەی ژیانی تایبەت لای شاعیران و نوسەران، بە تایبەتی دوای ئەوەی تەها حوسێن ژیانی تایبەتی خۆی دەنوسێتەوە، دواتر سەید قوتب کتێبی ژیاننامەی خۆی پێشکەشی تەها حوسێن دەکات، بەڵام دیسانەوە ئەو ناوەی بۆ دروست نابێت کە خۆی حەزی لێیە.

کتێبێک هەیە لەسەر سەید قوتب باس لەوە دەکات کە سەید قوتب کحولی خواردۆتەوە، ئەو جۆرەشی کە خواردوویەتەوە بریتی بووە لە کۆنیاک، بەڵام دڵنیانیم ئایا نوسینەکانی ئەم کتێبە ڕاستن یان ڕاست نین.

سەید قوتب مامۆستای قوتابخانە بووە، دواتر دەبێتە موفەتیش لە وەزارەتی پەروەردە، خوێنەرێکی باشی ئەدەبی سەردەمەکەی بووە، نوسینێک لەسەر نەجیب مەحفوز دەنوسێت، دەڵێت: ئەم پیاوە دەبێتە پیاوێکی کاریگەرو بەناوبانگ، پێشبینەکەشی ڕاست دەردەچێت، دواتر نەجیب مەحفوز خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێت لە بواری ئەدەبدا، کە تاکە عەرەبە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتبێت.

لە ساڵی سییەکانەوە لە میسرِدا گەرانەوەیەک هەیە بۆ مێژووی ئیسلام بە نوسەرە عەلمانییەکانیشەوە، بۆیە تەنانەت عەلمانییەکان پەشیمان دەبنەوە لەو پیاهەڵدانەیان بۆ ئەورووپا، هۆکارەکەشی پەیوەندی بە هەڵگیرسانی جەنگ جیهانی دووەمەوە هەبوو، هەروەها ئەگەرچی بەریتانیا سەربەخۆیی بە میسرِدابوو بەڵام هەر لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دابوو، تەها حوسێن کیتێبێکی هەیە دەڵێت: ئەورووپا چی کرد دەبێت میسرِیش هەمان شت بکات و بە هەمان ڕێگای ئەورووپادا بڕوات، مرۆڤایەتی یەک یەک ڕێگای لەبەردەستە ئەویش ڕێگای دیموکراسی و

پێشکەوتنی ئەوروپایە، بەڵام چەند ساڵێک دواتر دەگەڕێنەوە بۆ مێژووی ئیسلام ، بەڵام وەکو کەسێکی دینی باسی ئیسلام ناکەن بەلکو وەکو کەلەپورێکی گرنگ باسی دەکەن.

سەید قوتب خوێنەرێکی باشی مارکسی بووە.

دووەم قۆناغ: لە ساڵی ١٩٤٨ دەست پێدەکات کە هەندێک کەس بە مێژووی سۆشیالیزم ناوی دەنێن، سەید قوتب کتێب لەم ساڵەدا دەنوسێت بەناوی ( العدالة الأجتماعية في الأسلام)، فکرەی سەرەکی کتێبەکەش ئەوەیە کە ئیسلام سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەخلاقییەو لە سۆشیالیزم و سەرمایەداری باشترە، ئیسلام واتە سۆشیالیزم ناقس خراپییەکانی سۆشیالیزم، واتە سۆشیالیزمێکی باش، هەرچەندە تا ئێستا نەبووەتە ئەندامی ئیخوان بەڵام باوەری بەوە هەیە دەکرێت ئیسلام ببێتە مۆدێلێلک بۆ حوکمڕانی و جێگرەوەی ئەوروپا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٨ سەید قوتب لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی میسرییەوە دەچێتە ئەمریکا، بۆئەوەی سوود لە ئەزموونی پەروەردەی ئەمریکا ببینن و لە میسردا پیادەی بکەن بەڵام سەید قوتب ئەم سەفەر تەواو بە ڕادیکاڵی دەکات، ئەگەر پێش سەفەرەکەی شتێکی ئەرێنی لە ئەوروپا بینیبێت لەم سەفەرەدا ئەوەشی نەماو وەکو جاهیلییەتێکی ڕەها سەیری رۆژئاوا دەکات، هۆکارەکەشی ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٤٩ حەسەن بەننا دەکوژرێت، کوژرانی حەسەن بەننا لە ئەمریکا بەشێوەیەکی ئەرێنی و باش وەسفدەکرێت، هۆکارێکی تر ئەوەیە لە ساڵی ١٩٤٨ ئیسرائیل دروست دەبێت و ئیسرائیل پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا دروست دەکات و لە سیاسەتی ئەمریکاشدا ئیسرائیل وێنایەکی باشی هەیە، خاڵێکی تر ئەوەیە سەید قوتب ئەمریکا بە بەرخۆرێکی بێ مانای بێ قوڵایی ئەبینێت، زۆر ڕەخنەش لە فۆرمی دینی ئەمریکا دەگرێت، ئەمریکا یەکێکە لە دیندارترینی وڵاتانی جیهان بەڵام دینداری ئەوان جیاوازە، ئەوان لە کەنیسەدا سەما دەکەن و مۆسیقا دەژەنن، خاڵێکی  دیکە ئەوەیە سەید قوتب کەسێکی ئەسمەر بووە، لەوکاتەشدا لە ئەمریکا مامەڵەیەکی نەژادیانە کراوە بەرامبەر ڕەشپێستەکان. سەید قوتب کاتێک لە ئەمریکا دێتەوە یەکەم کار کە دەیکات ئەوەیە پەیوەندی بە ئیخوانی موسلمین دەکات و دەبێتە قسەکەری حیزبەکە.

سەید قوتب پەیوەندی نهێنی لەگەڵ جەمال عەبدولناسرو ئەفسەرە ئازادەکاندا دروست دەکات و چەند جارێک لە ماڵی سەید قوتبدا کۆدەبنەوە. لە ساڵی ١٩٥٢ کاتێک جەمال عەبدولناسر دێتە سەر حوکم، بۆیە پێی وابوو کاتێک ناسر دێتە سەر حوکم ئەوەی کە ئیخوان باوەڕی بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگاوە هەبوو ناسریش ئەوە جێبەجێدەکات، بەڵام ئەوەی کتێبەکەی ناسر بخوێنێتەوە دەربارەی فەلسەفەی شۆڕەش، ئەو خەیاڵەی کە ئیخوان بینایان کردبوو لەسەر ناسر

هەڵە دەرچوو، چونکە ناسر باوەری بە سۆشیالیزم و جیهانی سێ و پێشکەوتن و بەگژداچوونەوەی ئیمپریالیزم هەیە، دوای ئەوەی کە هەوڵی کوشتنی ناسر دەدرێت ئیخوان و سەید قوتب تۆمەتباردەکرێن، بۆیە ناسر دەستووره لیبراڵییەکەی میسر لادەبات و فرەحیزبی قەدەغەدەکات و فره میدیا قەدەغە دەکات، سیستەمی یەک حیزبی دروست دەکات و دەیکاته تاکە ئایدۆلۆژیای سەرەکی دەوڵەت، دواتر ئەندامانی ئیخوانی موسلیمین دەگرێت، یەکێک لەوانە سەید قوتبە.

قۆناغی سێیەم: سەید قوتب لەساڵی ١٩٥٤ ەوە تا ساڵی ١٩٦٥ لە زینداندا دەبێت، زیندانی ئەوکاتەی میسریش یەکێک بووە لە زیندانە خراپەکان، سەرچاوەکان دەڵێن بە بەرچاوی سەید قوتبەوە ١٨٠ ئەندامی ئیخوان کوژراون، چونکە لەناو زیندانەکاندا یاخی دەبن بۆیە حکومەتیش دەیان کوژێت، زۆر بە ناشرینی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە زیندانییەکان، سەید قوتب خۆی نەخۆشی سیلی هەبووە.

کاتێک سەید قوتب ئەمانە دەبینێت، ئەو بۆچونەی حەسەن بەننا ڕەتدکاتەوە کە پێی وایە لە ڕێگای دەعواوە پێویستە کۆمەڵگا بگۆرین، سەید قوتب دەڵێت: ئەمەی حەسەن بەننا دەیڵێت لەگەڵ ئەم ئاژەڵانە ناخوات و سوودی نیەو دەبێت لە ڕێگای شۆڕەش و جیهادەوە دەست بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتدا بگرین. سەید قوتب لە زینداندا کتێبێک دەنوسێت بەناوی (معالم في الطريق)، لەم کتێبەدا پێی وایە پێویستە هێزێکی نهێنی دروست بکرێت و خۆی چەکداربکات و پەلاماری دەوڵەت بدات و دەست بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتدا بگرێت و کۆمەڵگا بە ئیسلامی بکات هەروەکو چۆن ناسر لە ڕێگای توندوتیژییەوە دەستی بەسەر دەوڵەتدا گرت، واتە سیستەمەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە واتە دەسەڵاتی دەوڵەت دەگریتە دەست ئینجا کۆمەڵگا بە ئیسلامی دەکەیت بە پێچەوانەی حەسەن بەننا چونکە لای حەسەن بەننا سەرەتا کۆمەڵگا دەکەیت بە ئیسلامی دواتر بە ئاسانی دەوڵەتێکی ئیسلامی دروست دەکەیت.

سەید قوتب کۆمەڵە فکرەیەک لە مەودودی وەردەگرێت، لەوانە حاکمیەتی خودا کە یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو فکەری سەید قوتب، فکرەی جاهیلیەتی دنیا، کۆمەڵگا یان ئیسلامە یان جاهیلە، لەم سەردەمەدا شتێک نەماوە بەناوی موسڵمان، موسڵمان بەو واتایەی تەنیا خوا بە سەروەری خۆی بزانێت.

سەید قوتب لە کتێبەکەیدا پێی وایە ئیسلام ئایینێکی کاملەو پێویستی بە هیچ سیستەمێکی دەرەوەی لەخۆی نیە، ئیسلام دواین ئەلتەرناتیڤی هەموو جیهانە بە هەموو قەیرانەکانی ناو

سەرمایەرداری و سۆشیالیزمەوە، ئەم سیستەمانە وەڵامیان نیە بۆ قەیرانەکانی ئەم سەردەمە، بەس ئیسلام وەڵامی هەیە بۆ ئەم قەیرانانە.

خاڵێکی تر ئەوەیە پێی وایە ئیسلام پێویستی بە نوخبەیەکی پێشڕەو هەیە، واتە جیلێکی قورئانی هەروەکو ئەو جیلەی لە دەوری پێغەمبەر کۆبوونەوە، دەبێت ئەم جیلە سەرچاوەی سەرەکیان قورئان بێت تەنها، خاڵێکی تر ئەوەیە پێویستە پارتێکی سیاسی دروست بکەین. فکرەیەکی دیکەی ناو کتێبەکە هیجرەتە بۆ گۆرانکاریکردن، جەماعەتێک لەدوای سەید قوتب هاتن لە قاهیرە ماوەیەک کۆچیان کردو دواتر گەرانەوەو خەڵکیان تەکفیرکرد.

کۆتا خاڵ کە سەید قوتب باسی دەکات جیهادە لە کتێبەکەیدا، لەساڵی ١٩٦٥ عەبدوڵڕەحمان عارف لە عێراقدا دێت واستەیەک دەکات بۆ سەید قوتب، چەند مانگێک ئازاد دەکرێت و لەوماوەیەدا کتێبەکەی تەواودەکات، بەڵام دواتر دووبارە دەیگرنەوە بە تۆمەتی ئەوەی کتێبەکەی هەوڵێکە بۆ کودەتاکردن بەسەر دەوڵەتدا، دواتر لە سێدارەی دەدەن و دەبێتە شەهیدیکی بەناوبانگی پارتە ئیسلامییەکان.

ئەوەی گرنگە بۆئەوەی لە سەید قوتب تێبەگەیت پێویست ناکات بگەڕێیتەوە بۆ قورئان یان ئیبن تەیمییە، بەڵکو دەبێت بگەرێیتەوە بۆ لینینیزم، لە لینینیزمدا چینی کرێکا توانای هۆشیارییەکی سیاسی شۆڕەشگێڕی نیە، واتە ئەگەر واز لە چینی کرێکاران بێنیت خۆیان ناتوانن سیستەمێکی سۆشیالیزمی دروستبکەن تەنها بیر لەوەدەکەنەوە کاتی ئیشکردنیان کەمبکەنەوەو موچەکەیان کەمێک زیاد بکەن، لینین پێی وایە بۆئەوەی چینی کرێکار بتوانێت مێژوو بگۆڕێت پێویستی بە نوخبەیەکی شۆرەشگێڕ یان پێشڕەو، بۆیە فکرەی سەرەکی لەناو کتێبەکەی سەید قوتبدا بریتیە لە نوخبەی پێشڕەو، دروستبوونی جیلێکی شۆڕەشگێڕی قورئانی کە ئیسلامی ڕاستەقینە بەرهەمبێنن و دواتر ئەم فۆڕمە بدەنەوە کۆمەڵگا. خاڵێکی تر ئەوەیە دروستکردنی پارتێکی سیاسی کە پێشرەوی کۆمەڵگا بکات دیسانەوە فکرەی لینینە، خاڵێکی تر ئەوەیە جیهادە کە وەکو فۆرمێکی شۆڕەشگێڕی توندوتیژییە بۆ هاتنە سەر دەسەڵات، ئەوەی شارەزای فکرەی مارکسی بێت، فکرەی توندوتیژی فکرەیەکی سەرەکی مارکسی بووە تا هاتنی لینین، وتەیەکی مارکس هەیە دەڵێت: توندوتیژی مامانی مێژووەو هیچ گۆڕانێکی مێژوویی دروست نەبووە بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی. دواتر فکرەی لینینیزم نەقڵ دەبێت بۆناو بزوتنەوەکانی دژە کۆلۆنیالیزم و بزوتنە ناسیۆنالیستەکان و پارتە ئیسلامییەکان، بەکارهێنانی توندوتیژیش پێچەوانەی فیتنەیە چونکە لە فیتنەدا نابێت بەگژ دەسەڵات بچیتەوە بۆئەوەی ئاسایشی کۆمەڵگا پارێزراوبێت.

سەرجەم پرۆژەکەی سەید قوتب لە لینینیزمەوە وەرگیراوە، بۆیە بەبێ تێگەیشتن لە فکرەی لینین ناتوانین لە فکرەی سەید قوتب تێبگەین.

سەید قوتب لە کتێبی (معالم في الطيق) دا بە پێچەوانەی قۆناغی یەکەمەوە مامەڵەدەکات، لە قۆناغی یەکەمدا قورئان وەکو کتێبێکی ئێستاتیکی و ئەدەبی پیشان دەدات بەڵام لەم کێتبەدا بۆچونەکەی دەگۆردرێت و دەڵێت: دەبێت لە ڕێگای قورئانەوە جیهان بگۆرین و یاخود لە ڕێگای جیهادەوە ک سەرچاوەکەی قورئانە، ڕوانینی بۆ قورئان دەگۆڕدرێت، بەشێکی پەیوەندی بە زیندانی کردنیەوە هەیە لەسەرەکەی دیکەشەوە پەیوەندی بە فکرەی لینینیزمەوە هەیە.

سەید قوتب لە کتێبەکەیدا دەڵێت تۆ قورئان ناخوێنیتەوە بۆئەوەی ڕۆشنبیربیت بەڵکو بۆئەوە دەیخوێنیتەوە بۆئەوەی دنیا بگۆڕیت، دین دەبێتە دینێکی شۆڕەشگێڕ، بە پێچەوانەی ئەو مێژووەی ئیسلام کە نابێت لە ڕێگای شۆڕەشەوە پەلاماری دەوڵەت بدەیت.

بۆچۆنی سەید قوتب دەربارەی ژن: سەید قوتب لە قاهیرە ژنێکی خۆشدەوێت بەڵام بۆی نابێت بۆیە کە دەبێتە شاعیریش پەیوەندی بە عەشقە شکستخواردووەوە هەیە، سەید قوتب کاتێک سواری کەشتییەک دەبێت لە ئەمریکا بۆ گەڕانەوە لەناو کەشتییەکەدا بەکێشە دێت لەگەڵ ژنێکی سەرخۆشی بیانی، دواتر سەید قوتب ئەم ژنە دەکاتە نوێنەری هەموو ڕۆژئاوا و پێی وایە ئەوەیە ئەنجامی شارستانییەتی ئەوروپا، ئەوکاتەشی کە لەساڵی ١٩٦٥ بەردەبێت نیازی ئەوەی هەیە ژن بێنێت بەڵام دووبارە دەیگرنەوەو لە سێدارەی دەدەن، هەندێک دەڵێن سەید قوتب لەوانەیە لە ژیانیدا سیکسی نەکردبێت.

سەید قوتب پێی وایە ئافرەت لەبەرئەوەی عاتیفییە بۆیە نابێت پۆستی گرنگ وەربگرن، نابێت ژن و پیاو تێکەڵ بن، هەروەها باوەڕی بە فرەژنی هەبووە، فرەژنی وەزیفەی هەیە، تەڵاق کەمدەکاتەوە بە تایبەتی لەکاتی جەنگدا، پیاو لەڕێگای فرە ژنییەوە دەتوانێت بەسەر توانای سێکسی خۆیدا زاڵ بێت چونکە توانای سیکسی پیاو کۆنترۆڵنەکراوە، بە پێچەوانەی خۆی چونکە لە ژیانیدا ژنی نەهێناوە، پێی وایە ژن لە ڕووی عاتیفییەوە کەم ئەندامە.

کتێبەکەی سەید قوتب دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ سەرجەم بزوتنە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان، هیچ ڕادیکاڵێک نیە کتێبەکەی سەید قوتبی نەخوێندبێتەوە.

لە هۆڵەندا گروپێکی ڕادیکاڵی ئیسلامی دروست بوون کە لە پێنج کەس پێکهاتبوون و مەغریبی بوون، پیاوێکیان کوشت کە میدیاکار بوو، ئەم میدیاکارە نوکتەی دەکرد لەسەر دینەکان و جاربەجار ڕەخنەی لە ئیسلام دەگرت چونکە لای ئەوان گاڵتەکردن و ڕەخنەکردن شتێکی ئاساییە

بەڵام دواتر ئەو میدیاکارەیان سەربڕی، دواتر کە پۆلیس چوو گەڕان لە ماڵی ئەم پێنج گەنجە نوسخەیەکیان لە کتێبەکەی سەید قوتب دۆزییەوە (معالم في الطريق).

براکەی سەید قوتب دەچێتە سعودییە، لەوێ دەبێتە پرۆفیسۆر، هەر لەوێ کتێبەکانی سەید قوتب بڵاودەکاتەوە، دواتر تەرجومە دەکرێن بۆ زمانەکانی تر.

**بەشی شەشەم؛ فکری سیاسی لەناو شیعەدا:**

دوای مردنی ئیمامی حوسێن، شیعەکان نەفرەت لە سیاسەت دەکەن چونکە پێیان وایە حوسێن چووەتە ناو غەیبەتی درێژەوە تا ئەوکاتەی ئیمامی مەهدی دێت، پێیان وایە هەموو فۆرمەکانی سیاسەت کردن تا هاتنی ئیمامی مەهدی فۆرمی ناشەرعی و خراپن و نابێت شیعەکان خۆیان پێیوە خەریک بکەن، گوتاری باڵادەستی ناو شیعە دژە سیاسەتە، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا ئەم فکرەیەی شیعە دەگۆڕدرێت بۆ سیاسەتکردن، ئەو کەسەی کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەم گۆڕینە بریتیە لە عەلی شەریعەتی، ئایدۆلۆژیای عەلی شەریعەتی بریتیە لە گۆڕینی فکرەی شیعە بۆ ئایدۆلۆژیایەکی شۆڕەشگێڕی تورە بەرامبەر بە دنیاو کۆمەڵگا، ڕێک وەکو سەید قوتب، سەید قوتب ئایدۆلۆژیای سوننە دەکاتە ئایدۆلۆژیایەکی تورەو شۆڕەشگێڕو توندڕەو، بۆیە عەلی شەریعەتیش هەمان کاردەکات، شەریعەتی بۆ ئەم کارەشی سوودی ل مارکس وەرگرتووەو سەرلەنوێ بیروباوەری شیعەی دارِشتۆتەوەو پێناسی کردۆتەوە بەپێی ئایدۆلۆژیای مارکس.

شەریعەتی شیعەکان بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکات، یەکەمیان بریتیە لە شیعەی سەفەوی کە شیعەی دەسەڵاتدارە چەوسێنەرەکانە، شیعەی دووەم بریتیە لە شیعەی سوور کە بریتیە لە شیعەیەکی شۆڕەشگێڕو گۆڕانخواز، ڕیک وەکو مارکسە، مارکس چینەکان دابەش دەکات بۆ دوو چین ، چینی چەوسێنەرو چینی چەوسێنراو.

عەلی شەریعەتی لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار بووە، باوکی مەلا بووە، دواتر باوکی عەلی شەریعەتی و هاوریکانی بزوتنەوەیەکی سیاسی دروست دەکات بەناوی ڕێنیسانسی خوداپەرستانی سۆشیالیزم، عەلی شەریعەتیش ئەندام بووە لەو بزوتنەوەیە، ڕینیسانس هێما بووە بۆ ڕۆشنگەری ئەوروپا کە بەواتای ڕۆشنگەری عەقڵ و کرانەوە دێت، خوداپەرستیش هێمابووە بۆ ئیمانداران و دین، سۆشیالیزمیش هێمایە بۆ مارکسیەت، ڕێک وەکو سەید قوتبە کە دین لە ژێر کاریگەری مارکسدا پێناس دەکات، ئەمەش کاریگەری ئایدۆلۆژیای چەپ دەردەخات بەسەر هەموو بزوتنەوکانی تر، هەتا ئەگەر بزوتنەوەکە ئیسلامیش بوایە، دەبوو بە بزوتنەوەیەکی دینی سۆشیالیست،ئەگەر ناسیۆنالیست بوایە دەبوو بە ناسیۆنالیستێکی سۆشیالیست.

عەلی شەریعەتی لە قوتابخانەدا فێری عەرەبی دەبێت، یەکەم کتێبیش کە تەرجومەی دەکات بریتیە لە کتێبێک دەربارەی ئەبو زەری غەفاری، ئەبو زەری غەفاری کەسێکە لەدوای مردنی پێغەمبەردا زۆر ناڕازی دەبێت لە هەڵبژاردنی خەلیفەکان، سیستەمی حوکمڕانی ئەوان بە خراپەکارو گەندەڵ ناوزەد دەکات، بۆیە دەروات و دەچێتە بیابان و ژیانێکی سادە دەباتە سەر.

شەریعەتی بۆ خوێندن دەچێتە فەرەنسا بۆ خوێندن لە سەرەتای شەستەکاندا، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، دەبێتە کەسێکی ڕادیکاڵی شۆڕەشگێڕ، وەکو سەید قوتب کاتێک چووە ئەمریکا کە گەڕایەوە بۆ میسر بوو بە کەسێکی ڕادیکاڵ، بەڵام شەریعەتی وەکو سەید قوتب کۆمەڵگا هەموو ناکات بە جاهیل، زمانی شەریعەتی نەرمتر بووە لە سەید قوتب، کە دەچێتە فەرەنسا سەردەمی دوای کۆتایی هاتنی شۆڕەشی کوبایە، سەردەمی جەنگی جەزائیرە، زۆربەی ڕۆشنبیرە چەپەکانی فەرەنسای ئەوکاتە وەکو سارتەرو کامۆ خەریکی لێکدانەوەی ئەو ڕووداوانەن، شەریعەتی لە فەرەنسا تێکەڵی بزوتنەوەی خوێندکارانی شۆرەشگێڕی فەرەنسا دەبێت، دەست دەکات بە خوێندنەوەی کتێبەکانی مارکس و سارتەرو فرێنس فانۆن، زۆر زەحمەتە لە شەریعەتی تێبگەین بەبێ گەرانەوە بۆ فکری فرێنس فانۆن. ڕۆشنبیرێکی تر کە کاریگەری هەبوو بەسەر شەریعەتی بریتیبوو لە ڕۆجێگارودی، ڕۆجێگارودی فەیلەسوفێکی فەرەنسی بوو، مارکسی بوو، دواتر بوو بە مارکسییەکی دینی، هەرچەندە باوەری بە تێزە دژە دینەی مارکس نەبوو، لەکۆتاییەکانیشدا بوو بە موسڵمان. گارودی مەسیحیەت و مارکسییەت تێکەڵی یەکتری دەکات، دواتر عەلی شەریعەتیش ئیسلام و مارکسییەت تێکەڵی یەکتر دەکات. لە فەرەنسا بەشداری لە دەرچوونی دوو گۆڤاردا دەکات کە یەکێکیان  لەدژی شای ئێرانە، دواتر لە پاریس کتێبێک وەردەگێڕێت، یەکێک لەم کتێبانە بریتیە لە کتێبی پارتیزانی گیڤارا، ئەیکاتە فارسی، کتێبێکی سارتەریش دەکاتە فارسی، لە هەمووی گرنگتر کتێبێکی فرانس فانۆن تەرجومە دەکات بە ناوی چەوساوەکانی سەر زەوی، ئەم کتێبە یەکێکە لە هەرە کتێبە گرنگەکان کە لەسەر شۆڕەشەکانی سەدەی بیستەم نوسراوە، فانۆن کەسێکی ڕەشپێست بوو، دکتۆری دەروونزانی بوو، خوێنەرێکی باشی فرۆید بوو، شارەزاییەکی باشی لە دەروونشیکاری هەبوو، دواتر حکومەتی فەرەنسی وەکو دەروونشیکارێک دەینێرێت بۆ جەزائیر، چونکە سەربازە فەرەنسییەکان توشی نەخۆشی دەروونی بووبوون، بۆیە دەچێتە ئەوێ بۆئەوەی ڕاوێژکاری دەروونیان پێشکەش بکات، دواتر ستەمکاری فەرەنسییەکانی بۆ دەردەکەوێت لەبەرامبەر جەزائیر، بۆیە لای فەرەنسییەکان هەڵدێت و دەچێتە لای جەزائیرییەکان و دەچێتە ناو بزوتنەوەی مقاوەمەی جەزائیرییەکان. شەریعەتی کتێبەکەی فانۆن دەکاتە فارسی، بەڵام شەریعەتی ناوی کتێبەکە (چەوساوەکانی سەر زەوی) دەکاتە "موستەزعەفین" ، دواتر خومەینیش ئەم وشەیە (موستەزعەفین) بەکاردێنێتەوە، شەریعەتی کاریگەرییەکی زۆری هەبووە بەسەر خومەینی.

وەستیەکەی خومەینی کە بیست لاپەڕەیەکە، کاتیک وەسیەتەکەی خومەینی دەخوێنیتەوە ڕێک ئەڵێی فانۆن ئەم وەسیەتەی نوسیوە، واتە خومەینی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو کتێبەی کە شەریعەتی تەرجومەی کردووە، فانۆن لە کتێبەکەیدا دەڵێت جیهان پێویستی بە شارستانییەتی

سێیەم هەیە، شارستانییەتی یەکەم و دووەم کە بریتین لە سەرمایەداری و سۆشیالیزم شکستیان هێناوە، واتە سۆشیالیزمی ڕۆژهەڵات و سەرمایەداری ڕۆژئاوا شکستی هێناوە، دروشمی خومەینیش بریتی بووو لە (لا شرقية لا غربية, الا جمهورية الأسلامية).

فکری چەپ کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر شەریعەتی، لەڕێگای شەریعەتییەوە گواستراوەتەوە بۆ شۆڕەشی ئێرانی.

خاڵێک تر ڕوانینی فانۆنە بۆ توندوتیژی، پێشر باسمانکرد مارکس پێی وابوو توندوتیژی مامانی مێژووەو ئامرازی گۆڕینی مێژووە، ئامرازی دروستکردنی سیستەمی کۆمەڵگایە، بەڵام ڕوانینی فانۆن زۆر لە توندوتیژی فراوانترە، هەرچەندە فانۆنیش باس لە ڕۆڵی توندوتیژی دەکات وەکو ئامرازێک بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا، بەڵام توندوتیژی  لای فانۆن ڕۆڵیکی تر دەبینێت ئەویش ڕۆڵێکی سایکۆلۆژییە، بریتیە لە ڕزگارکردنی  کەسی بەکۆلۆنیزەکراو لەسەرجەم ئەو هەستە خۆبەکەم زانینەی کە لەناویدا کۆلۆنیالیزم دروستی دەکات، لە پێشەکی کتێبەکەی فانۆن کە سارتەر نوسیویەتی دەڵێت: کاتێک کەسێکی داگیرکراو کەسێکی داگیرکەر دەکوژێت دوو کاری ئەنجامداوە: یەکەم داگیرکەرێک کەمتر،دووەم ئازادکراوێک زیاتر، واتە بە یەک بەرد دوو چۆلەکە دەپێکێت. لای فانۆن توندوتیژی پاککردنەوەی کەسی داگیرکراوە لەسەرجەم ئەو گرێیە دەروونیانەی کە لەناویدا دروست بووە بەهۆی کۆلۆنیالیزمەوە، واتە چارەسەرێکی دەروونی هەیە توندوتیژی وەکو ئامرازێک بۆ گۆرانکاری .

 ئەم ڕوانینەی فانۆن بۆ توندوتیژی نەقڵە بێت بۆ  عەلی شەریعەتی بەتایبەتی لەبارەی چەمکی شەهیدو شەهادەتەوە، یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو فکری عەلی شەریعەتی بریتیە لە شەهید، شەهید لای ئەو واتە کەسێک ئازاد، شەهید لای عەلی شەریعەتی کەسێکی ئازادە، ئازادە چونکە بەسەر حەزە دنیاییەکان و حەزە جەستەییەکانی زاڵ دەبێت، بۆیە ئامادەیە بمرێت چونکە خۆی ئازادکردووە. هەروەها فانۆن زۆر باس لە رۆڵی ڕۆشنبیر دەکات.

فانۆن باس لە کەلەپووری نەتەوە داگیرکراوەکاندا دەکات، کۆلۆنیالیزم وەکو پرۆژەی تێکدانی کەلەپووری نەتەوەکانی تر دەبینێت، بەئەوروپ کردن بە کێشەیەکی گەورە دەبینێت، پێی وایە مۆدێلی ئەوروپی بە کەلکی کۆمەڵگای رۆژهەڵات نایە، مرۆڤی ئەوروپی هیچی نەماوە پێشکەشی مرۆڤایەتی بکات، دواتر ئەمە کە نەقڵ دەبێت بۆ عەلی شەریعەتی، ئەمە دەبێتە چەمکێک لای کە پێی دەوترێت پێداگیریکردن لەسەر شوناسی بە لۆکاڵی کردنی خۆت یان لەسەر کەلەپورت یان زمانت. لای فانۆن ئەم گەرانەوەیە بۆ کەلتوری نەتەوە کولتوری سێیەمە لەنێوان سۆشیالیزم و سەرمایەداری بەڵام کولتورێکی دینی نیە بەڵام لای شەریعەتی ئەم گەڕانەوەیە بریتیە لە شیعیزم

یاخود شیعەی ئیسلام، هەروەها شەریعەتی دژی سیستەمی شا بوو لە ئێران، سیستەمی شاش سیستەمێکی عەلمانی بوو لەو ناوچەیەدا، لای شەریعەتی ئەم گەرانەوەیە بۆ شیعیزم بریتی بووە لە مقاوەکردن بۆ ئەو پرۆسەیەی کە هەندێ رۆشنبیری ئێرانی ناوی دەنێن (غەرب زیدەگی) واتە تەماهی کردن لەگەڵ خۆرئاواداو لەدەستدانی شوناسی خۆت.

شەریعەتی پێی وایە مادام کەلتوری ناوچەکە لە رابردوو دینی بووە بۆیە هەرگەڕانەوەیەک بۆ کەلتوری خۆماڵی بریتیە لە گەڕانەوە بۆ دین، لە دۆخی ئێرانییەکاندا گەرانەوەیە بۆ شیعیزم، شەریعەتی نوسینی زۆرە لەسەر دین، بۆچونی ئەو لەسەر وەکو مارکسە، مارکس پێی وایە دین ئەفیونی گەلانە، دین وا  لە دیندار دەکات ئەو ستەمکارییەی بەرامبەری دەکرێت قبوڵی بکات لەبەرامبەردا خودا لە رۆژی دوایی پاداشتیان دەداتەوە، دین وەکو ماددی هۆشبەرە وا لە دیندارەکە دەکات ئازارەکەی سڕبێت بۆماوەیەکی کاتی، بەوەش دڵی خۆی خۆشدەکات بەوەی کە لە قیامەتدا  خوا قەرەبووی دەکاتەوەو پاداشتی دەداتەوە، عەلی شەریعەتی دەڵێت: بەڵێ ئەو تێزەی مارکس ڕاستە بەڵام بۆ هەموو جۆرە فۆرمێکی دین راستە نیە، ئەمە  بۆ دینێکی چەوسێنەر ڕاستە، تەنها بۆ ئەو فۆرمە لە دین ڕاستە کە ناوی دەنێت شیعیزمی سەفەوی، ئەو دەسەڵاتە دینەی سەفەوی دینیان بەکارهێناوە بۆ چەوساندنەوەی کۆمەڵگا، شەریعەتی پێی وایە مارکس تێبینی ئەوەی نەکردووە لەناو دیندا بیری شۆڕەشگێڕ هەیەو دەتوانێت ببێتە ئامرازێک بۆ گۆڕانکاریکردن لە کۆمەڵگا، شەریعەتی دوو جۆر دین جیادەکاتەوە: شیعەی سوور کە فکرەیەکی مارکسیە بەڵام بە زمانێکی دینی، هەروەها شیعەی سەفەوی کە بریتیە لەو چینە بۆرجوازییەی سەرەوە کە چینەکانی خوارەوە دەچەوسێنێتەوە، وەکو مارکس چین بەکاردێنێت. هەتا لە مەسەلەی خوێندنەوەی بۆ ڕووداوەکانی مێژووش بەهەمان شێوە وەکو مارکسە، بۆنمونە لە ئەفسانەی کوشتنی هابیل لەلایەن قابیلەوە، پێی وایە قابیل نوێنەرایەتی چینی سەرەوەی دەسەڵاتی ستەمکار دەکات یان نوێنەرایەتی دینی باڵادەست و چەوسێنەرە، هابیلیش نوێنەری ئەو دینەیە کە پاکی و هارمۆنییەت و جوانی تێدایە، سەرجەمی خوێندنەوەی بۆ دین تەفسیریکی مارکسیانەیە، هەروەها تێکەڵکردنی فکرەی فانۆن لەگەڵ فکرەی مارکس یەکێکە لە پرۆژە سەرەکییەکانی شەریعەتی.

لەڕووی سیاسیشەوە  باوەڕی بە شۆڕەشی نەتەوەیی یان میللی هەیە کە گەڕانەوەیە بۆ شوناسی خەڵک، هەروەها کۆتایی هێنانە بە کۆڵۆنیالیزم، ئەرکی ڕۆشنبیرەکانیش ئەوەیە نرخ بۆ ئەم خەڵکە بگەڕێنێتەوە کە کۆڵۆنیالیزم لێیسەندونەتەوەو وایان لێبکات شەرم نەکەن لەوەی میللەتن و جۆرێک ڕێزیان هەبێت بۆ خودی خۆیان، خاڵێکی تر شۆرەشکردنە بۆ کۆتایی هاتن بە چەوساندنەوەو هەژاری لە کۆمەلگادا. شەریعەتی کە لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە ئێران شا دەیگرێت،

دواتر دەست دەکات بە چالاکی ڕەخنەیی، دواتر لە یەکێک لە مزگەوتەکانی تاراندا دەرس دەڵێتەوە، هەروەها لەناو بزوتنەوەی خوێندکارانی ئێراندا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا، ئەو قۆناغەش باڵادەستی فکری چەپ و کۆمەنیستیە لە ئێراندا. شەریعەتی بە حوکمی ئەوەی دین وفکری مارکسی تێکەلی یەک دەکات ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکار پێشوازی لێدەکەن و دەچنە پاڵی.

شەریعەتی لە کتێبێکدا باس لە چاوەڕوانکردنی گەڕانەوەی ئیمامی مەهدی دەکات، بەڵام پێی وایە ئەگەر زەمینەی گەڕانەوەکەی خۆشنەکرێت ئیمامی مەهدی ناگەڕێتەوە، گەرانەوەی مەهدی دەبەستێتەوە بە شیعیزمی سوورەوە، زەمینەخۆشکردن بۆ گەرانەوەی مەهدی ئەوەیە دەبێت ئێمە لەڕووی سیاسییەوە چالاک بین و هاریکاری یەکتربین.

ئایەتولاکانی ئێران هەموویان کێشەیان لەگەڵ شەریعەتیدا هەیە، چونکە شەریعەتی ڕەخنەیەکی زۆر لە ئایەتولاکانی ئێران دەگرێت و وەکو دینی دەسەلات سەیریان دەکات، ئەوانە نوێنەری دەسەلاتن نەک خەڵک، ئەو دینەی ئەوان ناشۆرەشگێرو پاسیڤە، لەبەرئەوە هەموو ئایەتولاکانی ئێران ڕقیان لێیەتی، بەس یەک ئایەتولا ڕقی لێی نیە ئەویش خومەینیە، خومەینی هیچ شتێکی لەسەر عەلی شەریعەتی نەنوسیووە، ئایەتولایەک نامەیەک بۆ خومەینی دەنێرێت و دەنوسێت ئەم پیاوە واتە عەلی شەریعەتی بەس یەک گوناهی کردووە ئەویش ئەوەیە هەموو ئێمەی ڕەشکردووەو کردوونی بە پیاوی دەسەلات. ئایەتولاکانی ئێران دژی شەریعەتی بوونەو گاڵتەیان پێکردووە، هەروەکو چۆن مارکسییەکانی ئێران گاڵتەیان بە شەریعەتی کردووەو پێیان وتوە نە لە مارکسیەت شارەزایە نە لە شیعە شارەزایە.

شەریعەتی لەناو خوێندکاراندا لەهەموویان بەناوبانگتربووە، هەندێ کەس شەریعەتی بە یەکەم ئایدۆلۆژیستی شۆڕەشی ئێرانی دادەنێن.

شەریعەتی دەربارەی شەهیدکردنی حوسێنی کوڕی عەلی، دەڵێت: حوسێن دەیزانی کە شەهید دەبێت لە شەڕێکی نایەکسانی دۆڕاودا بەڵام هەر چووە ناو شەڕەکەوە، شەهیدبوونەکەی پەیامێکی سیاسییە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی نەک تەنها بۆ شیعەکان بۆئەوەی سیستەمە دەسەڵاتدارە ستەمەکارەکان قبوڵنەکەن، ئەم خوێندنەوەی شەریعەتی بۆ شەهیدبوونی حوسێن جیاواز بووە لەسەرجەم ئەو خوێندنەوانەی ئایەتولاکانی پێشتر، چونکە ئایەتولاکانی پێشتر دەیان وت تاکە شتێک کە بیکەین بۆ حوسێن ئەوەیە بۆی بگرین، گریان وەکو ئامرازێکە بۆ خۆ پاککردنەوە لە گوناە، ئەوان حوسێن وەکو کونێکی سایکۆلۆژی سەیردەکەن بۆئەوەی لەڕێگەیەوە خۆیان پاکبکەنەوە بۆئەوەی بتوانن ئەو هەموو ناشرینەی دنیا قبوڵ بکەن. بەڵام لای شەریعەتی

حوسێن دەبێتە ئەو شۆڕەشگێڕەی ئەگەرچی دەزانێت لەم شەڕەدا دەمرێت، ڕێک وەکو گیڤارای سەدەی بیستەم، گیڤارا دەیزانی دەکوژرێت بەڵام ویستی پەیامی شۆڕەشگێڕییەکەی بەردەوامی پێبدات و وەکو پەیامێک بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی

## بەشی حەوتەم؛ خومەینی

خومەینی یەکێکە لەو کەسانەی لە سەدەی بیستەمدا کۆتایی بە کە کەلەپوری سیاسەتی تەقلیدی شیعە دەهێنێت، ئەم پیاوە لە ساڵی چلەکانەوە هەندێ کتێبی هەیە کە ڕەخنە لە عەلمانیبوونی دەوڵەتی ئێران دەگرێت، دواتر لە شەستەکان ڕەخنە لە دەوڵەتی ئێران دەگرێت ئەوەی کە شا ناوی دەنێت شۆڕەشی سپی و دەستکاریکردنی کۆمەڵگاو بە غەربیکردنی کۆمەڵگا، تا دەگاتە ئەوەی شا خومەینی دەردەکات و دەچێتە نەجەف، ماوەی پازدە ساڵ لە نەجەف دەمێنێتەوە، لە ساڵی ١٩٧٨ کە سەدام دێتە سەر حوکم خومەینی دەردەکات لە عێراق چونکە، سەدام کێشەی لەگەڵ ئێراندا دروست دەبێت، دواتر خومەینی دەچێتە فەرەنسا ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە، دواتر وەکو سەرکردەی شۆڕەی ئێران دەگەڕێتەوە، خومەینی لە پاریسەوە وتاری زۆر دەدات لەدژی شای ئێران، دەبێتە بەشێک لە دەم و چاوەکانی ناڕەزایەتییەکانی ناو ئێران و دەم و چاوی شۆڕەشی ئێرانی، هەرچەندە شۆڕەشی ئێرانی شۆڕەشی ئێرانی شۆڕەشێکی دینی نەبووە، چونکە لەناو شۆڕەشەکەدا بزوتنەوەی چەپ و بزوتنەوەی فیمینیست هەبوونە، هێزی لیبرالی تێدابووە، بەڵام شۆڕەشەکە دەچێە ژێر هەیمەنەی خومەینی و دەسەڵاتی شیعەوە، ئیمامی خومەینی لەڕووی سیاسییەوە خاوەن تێزی ویلایەتی فەقیهە، واتە ئایەتوڵایەک یان کەسێکی دینی دەبێت حوکمڕانی دەوڵەت بکات، کتێبێکی هەیە لە شەستەکاندا دەربارەی ویلایەتی فەقیە بەڵام کەس گرنگی بەم کتێبەی خومەینی نەداوەو نەخوێندراوەتەوە، دواتر زۆربەی ئێرانییەکان کە دەچنە پاڵ خومەینی و دەڵێن دەوڵەتێکی ئیسلامیمان دەوێت، بە دەگمەن نەبێت کەس نەیزانیوە ئایا دەوڵەتی ئیسلامی لە خەیاڵی خومەینیدا چیەو چۆنە. لەکاتی شۆڕەشی ئێرانیدا میشێل فۆکۆ دەچێتە ئێران بۆ ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی، فۆکۆ دەڵێت: هەموو خەڵکی ئێران دەیوت دەوڵەتێکی ئیسلامیمان دەوێت بەڵام کەس باسی لەوە نەدەکرد ئایا دەوڵەتە ئیسلامیە چیەو چۆنە، کەس وەڵامی ئەمەی پێنەبوو، بەس خومەینی وەڵامی ئەمەی پێبوو، تێزەکەی خومەینی ئەوەیە، کۆمەڵگا ئەبێت پیاوانی دینی ببەن بەڕێوە، ئەو سیستەمە ئیسلامییەی ئێران دوو دەم و چاوە دوالیزمەیە یاخود دوو ڕەهەندە، دەم و چاوی یەکەم : ئەوەیە دەوڵەت پەرلەمان و هەڵبژاردن و حکومەتی

هەیە، سەرۆکی هەیەم دادگای هەیە،سوپای ڕەسمی هەیە، ئەم ڕەهەندە تا ئاستێک هەندێک ئاکاری دیموکراسی تێدایەو لە نمونەی فەرەنسا نزیکە، بەڵام دەم و چاوی دووەم ئەوەیە کە خومەینی پێگەیەکی بۆ خۆی واتە ڕابەر دروست کردووە، لە خوارەوەی خۆی ئەنجومەنێکی دروست کردووە کە هەندێک شارەزای دینی تێدایە، ئەو خەبیرانە دادەندرێن لەلایەن خۆیەوە، هەروەها دەسەلاتی ئەم ڕابەرە زۆر لە دەسەلاتی هەڵبژێردراوی دەوڵەت زیاترە، هەروەها ڕابەر سوپای تایبەت بەخۆی دروست دەکات ئەویش سوپای پاسدارانە کە تەریب بە سوپای رەسمی دەوڵەتە، سوپای پاسدارانیش لەژێر دەسەلاتی ڕابەردایە، خومەینی لیژنەیەک دروست دەکات، ئەگەر هەرکەسێک بیەوێت خۆی بپاڵێوێت بۆ پەرلەمان دەبێت رەزامەندی ئەو لیژنەیە وەربگرێت، واتە سیستەمێکی دروست کردووە وەکو ئەوە وایە دوو دەوڵەت لەناو یەک دەوڵەتدابێت، لەلایەکەوە سیستەمێکی ئۆتۆکراسی و تاکەکەسی دروست کردووە، لەلایەکی دیکەوە سیستەمێکی دیموکراسی دروست کردووە، ئەوەی خومەینی دەیکات لادانە لە کەلەپوری شیعیزم.

## سەرچاوە:

https://www.youtube.com/@westgaclass4465

وێستگەکلاس، بەرواری سەردانی کردن: مانگی شوباتی ٢٠٢٤